YADNAMA
یادنامە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٦١حوزەیران ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.61.June2024

# توندبونەوەی ململانێ جیهانییەکان و پۆتین و جون ئون

**یادنامە**

جەنگی ڕوس و ئۆکرانیا سەرەتای دەستپێکی شەڕی گەرمی جەمسەرەکان بو کە جیهانی لە ململانێی ئابوری و جەنگی نەرم و ساردەوە بردە قۆناغی بەریەککەوتنی جەنگی گەرم و ڕەق تا ئەو ئاستەی لە پێناو بردنەوەی جەنگەکاندا پاشەکشەیەکی ترسناک لە مافی مرۆڤ و بەهای مرۆڤ دەستپێدەکات ، سەردانی پۆتین بۆ کۆریای باکوور و بۆ لای جون ئون ، تەنها یەکتربینین و واژۆکردنی چەند ڕێککەوتنێک نیە ، بەڵکو لێکەوت و نامەکانی دەچێتە هەمو شوێێکی جیهان و پێمان دەڵێ کە دابەشکاری هێزەکان و گواستنەوەی ململانێ بۆ جەنگ ترسێکە و دەبێت هەمو جیهان ئاگاداری بێت ، بە مانایەکی تر جەمسەرەکان تەواو ڕونتر دەبێتەوە هەر لە تایوانەوە تا دەگاتە وڵاتانی دەریای قەزوین و ئێران و پاشان وڵاتانی عەرەبی ، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ ئێمە دەبێت بپرسین ئایا کورد دەکەوێتە کوێی ئەم جەنگ و گەمە ترسناکە و دەتوانین چی بکەین ، ئایا دەتوانین سود لە هەڵە مێژووییەکان ببینین و بتوانین ببینە ژمارە لەناو هاوکێشەکاندا لە پەنای یەکێک لە جەمسەر ی زلهێزەکاندا ، یان دوبارە دابەشدەبین و هێزەکان دەمانکەن بە جەلادی یەکتر ، وە ئایا ئیرادەی سیاسی خۆمان دەبێت یان خۆمان دەدەینە دەست قەدەری ئەوەی بڵێین وا مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە.




# هەڵبژاردن و گۆڕانکاری

**یادنامە**

هەڵبژاردن لە کورترین پێناسەدا بریتیە لە حکومی گەل و دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە خولێکی دیاریکرودا ، ئەگەر ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین ، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت چی بگۆڕێت ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناڕەزایەتییەکان و شۆڕشە سپییەکان و گاڵتەجاڕی بۆ دەسەڵات لە سۆشیال میدیا دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە هەڵبژاردنەکان وەک پێویستی بنەمای دیموکراسی نەیتوانیوە ژیانی هاوڵاتی بگۆڕێت ، بەڵکو جڵەوی دەسەڵات لە بازنەی کۆمەڵێک دەم و چاو و گروپدا دەخولێتەوە ، ئەم بێهیوابونە زەمینەی بۆ کاریگەری سەرکردەی کاریزما خۆش کردوە کە دوای بێهیوابون لە جۆرەکانی هەڵبژاردن هاوڵاتی بەهیوای چاکسازی لە سەرکردەیەکدا کۆبکاتەوە ، چاوەکانیش زیاتر لەسەر ئەو وڵاتانەن کە هێزی گەورەن و هەژمونیان بەسەر وڵاتانەوە هەیە ، بە تایبەت ئێران و تورکیا ، دوای ئەمانەش کوردستان بوتە جێگەیەک لە بێهیوان لە هەڵبژاردن بە تایبەت خولانەوە لە ناو بازنەی دوو حیزبدا ، لێرەوە هەرێم زۆر پێویستی بە حیزبێکە بتوانێت ببێتە نمایندەی خەڵک و دەنگی سکاڵای خەڵک.




قەڵای نارین ... ل٢
پیرەمێرد ... ل٣
خۆشەویستی چییە ... ل٩
یا دەستپێکردن، یا بەکۆتاهاتنی هەموو شتێك ... ل١٠
عەلی کەریم ... ل١١
لە پێناو یەکخستنی توانا پەروەردەییەکان ... ل١٣
وەرگێـــران ... ل١٤
زیرەکتریـن منداڵی جیهـان ... ل١٦
یادی شەهیدێکی دار قەزوانی چیای کەتووی سەرکەش ... ل١٩
سەمای فریودان ... ل٢٢
بۆ چی گرنگە مەنهەجی خوێندن نەمێنێ ... ل٢٢
هەڵوەرینی گەڵاکانی هزر ... ل٢٣
هەگمەتانە ... ل٢٤
کۆنترین کتێبخانە لەمێژودا ... ل٢٤

# قەڵای نارین - قەڵای نارین، شاکارە مێژووییەکەی ساسانییەکان

قەڵای نارین، یان قەڵای کۆڵا، یان قەڵای دەربەنت، قەڵایەکی کۆنە و لەلایەن ئیمپراتۆری کوردیی ساسانی لە شاری قەوقاز دروستکراوە. ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی شاخاوی شاری دەربەنت لە داغستان.

قەڵاکە بە دوو دیواری گەورە و ئەستوور بە دەریای قەزوین (خەزەر)ەوە بەستراوەتەوە، کە دیارە ئەم دیوارانە دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارییەکانی پاش ساسانییەکان بۆ گرتنەوەی ڕێگای دەروازەی دەریای قەزوین بۆ ناو قەڵاکە دروستکراوە.

دەریای قەزوین لە سەدەی شەشەمی زایینیدا سنووری بەشی باکووری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی بووە و حکومەتی ساسانی بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکاریی هۆزەکانی سەرەوەی دەریای قەزوین بۆ ناو ئێران و سنوورەکەیان، ئەم قەڵایەیان بە کۆمەڵێک دیوار و شووراى پتەو و بەهێز دروست کردووە.

قەڵای نارین کە لە سەردەمی قوبادی یەکەم و دواتریش ئەنوشیروانی ساسانی لە سەدەی شەشی زایینی دروستکراوە، لە زۆر شوێن و لەسەر دیوارەکانی تابلۆی نووسین بە خەتی پەهلەوی هەیە، کە زمان و خەتی باوی سەردەمی ساسانییەکان بووە.

ئەم قەڵایە لە سەر تەپۆلکەیەک بە بەرزی 300 مەتر دروستکراوە، ئەمەش وای لێدەکات قەڵاکە سەختتر و بەهێزتر بێت.

لە کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکان کۆمەڵێک شوێنەواری جیاواز دەست کەوتووە.
ناوی ئەم شارە لە بەڵگەنامە کۆنەکان بە واتای (دەروازەی قفڵکراو) دێت، کە دیارە ئاماژەیە بۆ پتەوی و سەختیی داگیرکردنی قەڵاکە.

لە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم قەڵایە، زیندانە چاڵەکانییەتی کە لە جۆرە جیاواز و دەگمەنەکانی زیندانەکانە، بۆیە بەو شێوەیەش دروستکراوە تا بەندکراوەکان دەرفەتی ڕاکردن، یان دەرچوونیان نەبێت.

ئەم قەڵایە بە درێژایی 700 مەتر لە ناو شاردایە، ئەستووری دیوارەکان لە بەشێکی قەڵاکە بە سێ مەتر و نیو و بڵندییەکەی بە 20 مەتر دەگات.

لەم قەڵایە چەند حەمامێکی کۆن دروست کراون کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانیان بەجێماوە.

ئەم شاکارە مێژووییە لە ساڵی 2003 لە لیستی کەلەپووری جیهانی (یونسکۆ) تۆمارکراوە.

**کوردپیدیا**




# یەحیا فەندی ڕەسام ،یەکێك لە کۆنترین وێنەگرەکانی شاری سلێمانی،،



ئەکرەمی ساڵحە ڕەشە، دەڵێت: یەکەم ئامێری وێنەگرتن لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی و کابرایەکی لوبنانییەوە هێنرایە سلێمانی و شێخ لە تیفی دانسازیش لێی کڕین، لە زەمانی شێخ مەحموددا بۆ ئیش و کاری خۆیان بەکاری دەهێنا وەك گرتنەوەی نووسین (استنساخ). دوایی ئەو ئامێرەی فرۆشت بە یەحیا ئەفەندی ڕەسام . ئیتر هەر ئەو بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا.

بە لام حوسێن حوزنی لە سلێمانی کامیرایەکی تری فرۆشتوتە شێخ لەتیفی دانساز. لە هەمان کاتدا کامیرایەکی دیکەشی لە ڕواندز (لە چاپخانەکەی خۆیدا) هەبووە بۆ کاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری و وێنەگری ئیشەکانی خۆی: چونکە دەبینین حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵانی (1926-1942) دا دەیان ڕەسم و وێنەی فۆتۆگرافی لە ڕۆژنامەو کتێبەکانی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە.

بەم شێوەیە ، نووسەری پایەدار، گیوی موکریانی، درێژە بە ڕێگاکانی ئەو دەدات. بەهەمان شێوەی ئەو، بایەخی بەم هونەرە شارستانییە داوە تەنانەت بەکامیرای خۆی چەندین دیمەنی زیندووی ژیانی کوردستان و شەخسیاتی گەلەکەی خۆی لە فەوتان ڕزگار دەکات و دەیانگرێتە چوارچێوەی زیندووی فۆتۆگرافەوە. بەشێکی زۆری وێنەنایابەکانی شاری هەولێر لە ساڵانی (1920-1950) کە ئەمڕۆ لەبەردەستدان، بە کامێرای بەهەشتی گیوی موکریانی گیراون و تا ئێستاش ئامرازەکانی وێنەگرتن و کامیراکەیان هێشتا هەر لە چاپخانەکەیاندا پارێزراون

**لە فەیسبوکی سلێمانی جاران وەرگیراوە**



پیرەمێرد بە جلوبەرگی کوردییەوە (کە گیوی موکریانی گرتوویەتی)

# پیرەمێرد

## شاعیر و نووسەری کورد (١٨٦٧-١٩٥٠)

پیرەمێرد یان حاجی تۆفیق بەگ بە ناوی تەواوی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی هەمزاغای مەسرەفە (١٨٦٧ - ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠) شاعیر، نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی کورد بوو. لە سلێمانی لەدایک بووە و لە لاویدا زانستی ئایینیی لەوێ خوێندووە. پیرەمێردیش بەو دەستوورە هەر وەکو حاجی قادری کۆیی و نالی و مەحوی و مەولەوی و زێوەر، مزگەوت بە مزگەوت و شار بە شار گەڕاوە و لە هەر شوێنێک ماوەیەک ماوەتەوە، پاش ئەوەی زۆربەی مزگەوتەکانی سلێمانی گەڕاوە و ئەوسا ڕووی کردووەتە مزگەوتەکانی شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. شێخ مستەفای نەقیب و شێخ سەعیدی حەفید لە ١٨٩٨دا دەیبەن بۆ ئەستەمبوڵ. لەوێ لە کۆلێژی یاسا دەخوێنێت و لە حکوومەتی دەوڵەتی عوسمانیدا لە چەند پلەی میری و سیاسیدا دادەمەزرێت. لەدوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥ و تێکچوونی بارودۆخ، دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و تا دوا ساتی ژیانی هەر لەوێ خەریکی کاری وێژەیی و ڕۆژنامەوانی دەبێت. پیرەمێرد بەرهەمی وێژەییی زۆری هەیە و زۆر خزمەتی ڕۆژنامەگەریی کوردیی کردووە. لە بواری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە، هەندێک لەو خزمەتانە بریتیین لە دامەزراندنی ڕۆژنامەی ڕەسملی کاتب، ڕۆژنامەی کورد تەعاون و ترقی غزەتەسی، ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری ژین.

ناوی خۆماڵی

حاجی تۆفیق بەگ

لەدایکبوون

تۆفیق مەحموود هەمزە

١٨٦٧

سلێمانی

مردن

١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ (٨٢-٨٣ ساڵ ژیاوە)

سلێمانی

پیشە

ڕۆژنامەنووس، شاعیر، نووسەر، قائیمقام و پارێزگار

زمان

کوردی، تورکی و عەرەبی

نەتەوە

کورد

ڕەگەزنامە

عێراقی

خوێندن

کۆلێژی یاسا

شوێنی بڕوانامە

تورکیا

بواری کارکردن

وێژە، یاسا، ڕۆژنامەوانی، هۆنراوە

کارە دیارەکان

ڕۆژنامەی ڕەسملی کاتب، ڕۆژنامەی کورد تەعاون و ترقی غزەتەسی، گۆڤاری ژین و ڕۆژنامەی ژین

هاوسەر

غەزالە خان

منداڵەکان

نەژاد

وەداد

### سەرەتای ژیان

ناوی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی هەمزاغای مەسرەفە. لە ساڵی ١٨٦٧ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە. پیرەمێرد لە بارەی ژیانی منداڵیی خۆیەوە لە ژیاننامەکەیدا دەڵێت:

«کاتێ هاتمە ئەم کۆنە جیهانەوە، دەوری منداڵی لای هەموو ڕۆڵەیەک خۆشە، چونکە غەمی گوزەران نازانێت، بەو سەودایی منداڵییەوە خۆشم ڕابوارد »

پیرەمێرد بەم ناز و نیعمەتەوە و بە چاودێری و خۆشەویستییەوە پەروەردە کرا، تا تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان، ئەوسا ئیتر بردیانە حوجرەی مەلا حسێن گۆچە، هەتا خوێندنی تەواو کرد لەوێ مایەوە، ئینجا سمایلنامە و چەند کتێبێکی تری وردیلەی خوێند.

ڕۆژێک تۆفیقی تەمەن هەشت-نۆ ساڵان لەگەڵ مامۆستاکەیدا لەسەر هۆزانێکی حافزی شیرازی تێک دەچن، چونکە پیرەمێرد خۆی بە خاوەن ماف دەزانێت، نایەوێت لە قسەی خۆی پاشگەز ببێتەوە و داوای لێبوردن لە مامۆستاکەی بکات، ناچار حەسەن ئەفەندی مامی لەو حوجرەیە گواستییەوە و بردی بۆ حوجرەی مەلا سەعیدی زلزلەیی، کە دەیباتە ئەوێ، حەسەن ئەفەندیی دەڵێ: «تۆفیق، ئومێد دەکەم دەم و نەفەسی ئەم زاتە پاکە بتکا بە هەڵبەستوانێکی وەکوو من.» بەمەدا دەردەکەوێت کە حەسەن ئەفەندی مامیشی هەر هۆزانڤان بووە، هەرچەندە بەداخەوە کە ئێمە هەتا ئێستا هیچ هۆنراوەیەکی ئەومان دەست نەکەوتووە.

لەم حوجرەیەدا سەرەتای بەهرەی شیعر وتنی تێدا دەرکەوت، خووی دایە خوێندنەوەی وێژە و شیعر و سەرگوزشتەی ئەدیبان و هۆزانوانان، لەسەر دابونەریتی کوردەواری و بەپێی ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی عەشایەردا چاوی هەڵهێنابوو، ئارەزووی سوارچاکی و تفەنگچێتیی پەیدا کرد. شۆرەتی سوارچاکیی پیرەمێرد بەناوبانگ بوو، وەک مامۆستا سەجادی دەیگێڕێتەوە، لە شاخی هەڕووتە، کە پیادە بە ئاستەم پێیدا سەردەکەوێت، ئەم بەتا و لەسەردا ئەسپی هێناوەتە خوارەوە، بەسەر پردی قەشان و تەپادا بەغار پەڕیوەتەوە. لە دوای ئەوەی کە ئیتر بەرەبەرە لە خوێندنەکەشی پێش کەوت، وا پێویست بوو لەسەر فەقێیەتی دەوام بکات.

لە سەرەتاوە لە مزگەوتەکەی باپیری کە ئێستاش ماوە (مزگەوتی هەمزاغا)، کە نزیک ماڵی خۆیان بووە و لە نزیک باخێک بووە پێیان وتووە باخی پووره بەگی، کە لە گەڕەکی گۆیژەیە و چاپخانەکەی پیرەمێرد لە نزیک ئەو مزگەوتەیە، لای مەلا مەحموود دەرسی عەرەبی دەخوێنێت، لە خوێندنی عەرەبیدا دەچێتە پێشەوە و دەست ئەکا بەخوێندنی (سیوتی)، بە دوای خوێندندا وەک هەر فەقێیەکی ئەو سەردەمە لە شار و جێگەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، بەپێی ئەو نەریتەی، کە لە کام مزگەوتدا مامۆستای چاک بووبێ فەقێکان ڕوویان تێ کردووە، وەکوو چۆن مامۆستایانی ئێستا هەر یەکەی لە بوارێکدا شارەزایی پەیدا دەکەن و وانە دەڵێنەوە، مامۆستایانی ئەوساش هەر مەلایەی لە بوارێکی تایبەتدا شارەزاییی پەیدا دەکرد. پیرەمێردیش هەروەکو حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی، مەولەوی و، زێوەر، مزگەوتا و مزگەوت و شار بە شار گەڕاوە و لە هەر شوێنێک ماوەیەک ماوەتەوە، دەگاتە مزگەوتەکانی شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.[٨] بەڵام، پێش ئەوەی تەواوی بکات، دەستی لە خوێندن هەڵگرت و ڕوویکردە ژیانی ڕۆژانەی ئەم دنیایە. لەو سەردەمەشدا هەر کەسێک خوێندنی مەلایەتیی تەواو بکردایە و مەلایەتیی بکردایە، ئەوە دەبوو بە مەلا، بەڵام گەر وازی لێ بهێنایە پێیان دەوت (میرزا)، بەو پێیەی پیرەمێردیش وازی لە خوێندنەکەی هێنا، بوو بە میرزا.

لە ئەیلوولی ١٨٨٢، واتە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا، دەبێت بە کاتبی نفووسی سلێمانی، زۆری پێناچێت دەکرێت بە کاتبی (زەبت) لە دادگای سلێمانی، لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٣دا بووە بە فەرمانبەری زەویوزار و موڵکی میری لە هەڵەبجە، نزیکەی سێ ساڵان لەوێ مایەوە. بەپێی نووسینەکانی پیرەمێرد بێت کە لە (ژیان) و (ژین) دا بڵاوی کردوونەتەوە، وا دەردەکەوێت کە ئەو سەردەمە عەشقی هۆنراوە لە دەروونیدا بووە؛ خولیای هۆنراوە کۆکردنەوە کەوتووەتە سەری. تا ئەو دەمە هەر خەریکی لەبەرکردنی هۆنراوەی نالی بووە، بەڵام کە چووەتە ئەو ناوچەیە، شەیدای مەولەوی و بێسارانیش بووە، بە هەموو دەشتی شارەزووردا گەڕاوە، کەشکۆڵی ڕەنگینی بۆ خۆی پێکەوە ناوە و هەرچی هۆنراوەیەکی دەست کەوتبێت یان بینیبێت یان بیستبێ، لە کەشکۆڵەکەیدا نووسیویەتییەوە، پاشان بوو بە سەرنووسەر (باشکاتب) لە دادگای چوارتا، لە تشرینی یەکەمی ١٨٩٥ گوازرایەوە بۆ کەربەلا بە وەزیفەی مودەعی یاریدەدەریی گشتی، بەڵام بڕیاری دا کە نەچێت بۆ ئەو وەزیفەیە و بەیەکجاری دەست لە فەرمانبەریی دەوڵەت هەڵگرێت. شێخ مستەفای نەقیب دڵخۆشیی دایەوە و کردی بە نووسەری تایبەتی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی، بەم جۆرەش ژیانێکی باش و لەباری بۆ خوڵقاندووە.

لە تورکیا

لەبەر ئەوەی تۆفیق لاوێکی زرنگ و زیرەک و بەڕەوشت بوو و خوێندەوارییەکەشی بەپێی ئەو سەردەمە باش بوو، لە تەک بنەماڵەی شێخانی سلێمانیدا پەیوەندییەکی پتەوی پەیدا کرد، تا وای لێهات متمانەی زۆر شتیان پێکرد، خۆشیاندەویست، جێی بڕوایان بوو، بۆیە کاتێک لە ساڵی ١٨٩٨ شێخ سەعیدی حەفید (باوکی شێخ مەحموودی نەمر) لەسەر بانگێشتی سوڵتان عەبدولحەمید بانگکرا بۆ ئەستەمبوڵ، شێخ سەعید و شێخ مستەفای نەقیب ڕوویان لە تۆفیقی مەحموود ئاغا نا کە لەگەڵیان بچێت بۆ تورکیا، ئەمیش بەپێی ئەو نزیکی و پەیوەندییەی لەگەڵیاندا هەیبوو، دەستی نەنا بەڕووی داواکەیانەوە، بەمجۆرە شێخ سەعید جگە لە شێخ مستەفای نەقیب، چەند کەسێکی هەڵبژارد لەگەڵیاندابن، یەکێکیان تۆفیقی مەحموود ئاغای هەمزاغای مەسرەف بوو. ئەو دەمە تۆفیق خاوەن ژن و ماڵ بوو، بەڵام دیسان ماوەی ئەوەی نەدا کە ژن و منداڵەکەی ببنە کۆسپ لە ڕێگەی ئەم سەفەرەدا، ئەو دەمە تۆفیق غەزالە خانی کچی عەبدوڵڵا فەندیی عەزیز ئاغای بابەکر ئاغای مەلا وەیسی هاوسەری بوو، دوو کچیشی لێی بوو بوو بە ناوەکانی ڕەحمە و ئامینە، ئەو دەمە تۆفیق ماڵاوایی لە دۆست و هاوڕێیانی و لە (غەزالە) خانی خێزانی کرد، کە دەستی بە سەر و قژی کچە بچکۆلەکانیدا دەهێنا، هەرگیز بیری نەدەکردەوە، کە ئەم سەفەرەی ئەوەندە درێژخایەن دەبێت، مستەفا سائیب لە دەستنووسێکیدا دەڵێ:



پەیکەری پیرەمێرد لە سەرای سلێمانی.

«تاریخی ڕۆشتنی خاڵم هەرگیز لەبیر ناچێت، چونکە لە کاتی سەفەریا لەسەر دیواری ماڵەوە نووسرابوو، ئیتر لە منداڵییەوە هەر لەبیرم مابوو» تۆفیق لە خزمەت شێخ سەعید و شێخ مستەفای نەقیب و شێخ مەحموود و دەستە و دایەرەیانا گەیشتە ئەستەمبوڵ، لەوێش بوونە میوانی بارەگای سوڵتان. لە پاش ساڵێک لەگەڵ شێخ سەعید و شێخ مستەفا و گەلێ ڕۆشنبیر و پیاوانی بەناوبانگی سەفەرەکەیاندا دەچن بۆ (حەج)، تۆفیق دەبێت بە حاجی تۆفیق، کاتێک لە حەج دەبن وەفایی شاعیر و سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکووک، دەبنە هاوڕێی حاجی تۆفیق. پیرەمێرد لەمبارەیەوە دەڵێت:

«وەفایی کە لە پێشدا موفتی شیعرە جوانەکانی بووم، واڕێکەوت لە ماڵی خوایشا هاوناڵە و ئەفغانی بووم، لە پاش حەج لە ڕێگەی حیجازدا مردو سەید ئەحمەدی خانەقا لەسەری بەند بوو، تا ناشتنی ڕەفیقی گریانی بووم»

لە پاش ئەوە سەید ئەحمەد ڕووەو عێراق دێت و حاجی تۆفیقیش دەچێتەوە بۆ تورکیا. بەمشێوەیە تۆفیقی مەحموود ئاغا، لە تەمەنی ٣٢ ساڵیداو لە هەڕەتی لاویدا، بوو بەحاجی تۆفیق. بەهۆی زیرەکی و هۆشیاریی خۆیەوە، حاجی تۆفیق زوو دەچووە دڵەوە، ئەمەیان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لە نووسین و داڕشتنی فارسیدا دەستێکی باڵای هەبوو، لەبەر ئەوە عزەت پاشای نووسەری دەرباری شەهریاری لە ئەستەمبوڵ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو نامەیەی کە ناسرەدینی شای ئێران بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی ناردبوو، داوا لە حاجی تۆفیق دەکات بە فارسی وەڵامی سوڵتان بۆ شای ئێران بنووسێتەوە، وەڵامەکە هێندە جوان دەبێت سەرنجی کاربەدەستانی دەرباری سوڵتان ڕادەکێشێت، بۆ پاداشتی ئەمە، لە ١٤ی ئەیلوولی ١٨٩٩ ئیرادەی سوڵتانی بۆ دەردەچێ، دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنی باڵادا لە ئەستەمبوڵ، هەروەها پلەی بەگێتیشی دەدرێتێ، ئەمجا ئیتر بەناوی حاجی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغای هەمزاغای مەسرەفەوە، لە دیوانی سوڵتانی و لە ڕەسمیاتدا ناودەبرا. هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی عزەت پاشاوە لە ئەستەمبوڵ، لە کۆلێجی یاسا وەردەگیرێت و بڕوانامەی حقوق وەردەگرێت.

### گەنجێتی

شێخ مستەفای نەقیب کردوویەتی بە جێگری خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و ژیانێکی باش و لە باری بۆ گونجاند. لەسەر بانگهێشتی سوڵتان عەبدولحەمید، شێخ مستەفای نەقیب و شێخ سەعیدی حەفید، کاروانێک ڕێکدەخەن؛ لە ١٨٩٨ دەچن بۆ تورکیا، پیرەمێرد هاوسەفەریان دەبێت. لە ١٨٩٩ شێخ سەعید و پیرەمێرد پێکەوە چوون بۆ حەج و لە گەڕانەوەیاندا بۆ ئەستەمبوڵ، سەید ئەحمەدی خانەقا و وەفاییی شاعیریشیان لەگەڵ دەبێ، وەفایی لە ڕێگا کۆچی دوایی کردووە.

لە ١٨٩٩ بە فەرمانی شاهانە دەبێت بە ئەندامی ئەنجومەنی بەرزی ئەستەمبوڵ. بەهۆی عیزەت پاشاوە لە ئەستەمبوڵ لە کۆلێژی یاسا دەخوێنێت، بڕوانامەی یاساناس وەردەگرێت. لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ تا ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ بە کاری پارێزەری و گۆڤار و ڕۆژنامەوانییەوە خەریک بووە. لە ١٩٠٧دا بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی کورد کە بە نهێنی پێکهاتبوو بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادری شەمزینی.

حاجی تۆفیق کە زۆربەی تەمەنی گەنجێتی و هەرزەکاری لە تورکیادا ڕابواردبوو و لەوێ ژنێکی هێنابوو دوو کوڕی (بە ناوەکانی نەژاد و وەداد) لێ هەبوو. لەو کاتەدا بنەماڵەکەی لە سلێمانییەوە دەست دەکەن بە نامەنووسین بۆی بەتایبەتی مستەفا سائیبی خوشکەزای گەلێ نامەی بۆناردوە و داوای گەڕانەوەیان لێکردوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. بەهۆی شۆڕشی کورد لە تورکیا و تێکچوونی بار و بەهۆی ئەوەی کە پیرەمێرد خۆشی ئەندامی کۆمەڵەی کورد بوو لە ساڵی ١٩٢٣ پیرەمێرد، ژن و منداڵەکانی لە ئەستەمبوڵ بەجێ دەهێڵێت و لەڕێگەی سووریاوە بە شاری حەلەبدا دێتەوە بۆ بەغدا و لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

لەو کاتەدا ڕۆژنامەی ژیانەوە لە سلێمانی دەردەچوو. هەواڵی گەیشتنەوەی پیرەمێرد بە هەواڵێک بڵاودەکاتەوە: «جەنابی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا کە بیست و سێ ساڵە لەوەتەن دوورکەوتووەتەوە، شەوی ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ تەشریفی هاتەوە مەملەکەتەکەمان، بەقدومی ئەم زاتە زۆر مەسروور و خۆشحاڵە، بەناوی هەموو خۆوڵاتییەکەوە بەخێرهاتنی دەکەین».

### گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان

پیرەمێرد کە زۆربەی تەمەنی گەنجێتی و هەرزەکاری لە تورکیادا بەسەر بردبوو و لەوێ ژنێکی هێنابوو دوو کوڕی بە ناوەکانی (نەژاد و وەداد)ی هەبوو. لەو کاتەدا بنەماڵەکەی لە سلێمانییەوە دەست دەکەن بە نامەنووسین بۆی بەتایبەتی مستەفا سائیبی خوشکەزای گەلێ نامەی بۆ ناردووە و داوای گەڕانەوەیان لێ کردووە کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. بەهۆی شۆڕشی کورد لە تورکیا و تێکچوونی بار و بەهۆی ئەوەی کە پیرەمێرد خۆشی ئەندامی کۆمەڵەی کورد بوو لە ساڵی ١٩٢٣. پیرەمێرد ژن و منداڵەکانی لە ئەستەمبوڵ بەجێ دەهێڵێت و لە ڕێگەی سووریاوە بە شاری حەلەبدا دێتەوە بۆ بەغدا و لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

لەو کاتەدا ڕۆژنامەی ژیانەوە لە سلێمانی دەردەچوو. هەواڵی گەیشتنەوەی پیرەمێرد بە هەواڵێک بڵاودەکاتەوە:

«جەنابی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا کە بیست و سێ ساڵە لە وەتەن دوورکەوتووەتەوە، شەوی ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ تەشریفی هاتەوە مەملەکەتەکەمان، بە قدومی ئەم زاتە زۆر مەسروور و خۆشحاڵین، بەناوی هەموو هاووڵاتییەکەوە بەخێرهاتنی دەکەین.»

و پاش گەڕاندەوەی لە تورکیا، چەند ساڵێک لە شاری سلێمانیدا دەمێنێتەوە تا لە ساڵی ١٩٢٦دا لە مانگی کانوونی یەکەمدا، شارەوانی سلێمانی ڕۆژنامەی ژیان دەردەهێنێت بە سەرۆکایەتیی حسێن کازم و پیرەمێردیش دەکرێت بە سەرپەرشتکاری ڕۆژنامەکە. هەروەها کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤دا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی پاش ٢٥ ساڵ ژیان لە تورکیا وای چاوەڕوان دەکرد ئەو وڵاتەی لە ١٨٩٨ جێی هێشتووە گۆڕابێت و لە بارودۆخێکی جیاواز و پێشکەوتوودا خۆی بنوێنێت، بەڵام بەداخەوە گۆڕان و بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆی تیادا بەدی نەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەو لە پلەوپایەی موتەسەڕیفی شاری ئەماسییەی تورکیاوە هاتبۆوە، بەهیچ جۆرێک بەلای پایەبەرزی و کورسی وەزارەت و نوێنەرایەتی گەل و پلەی فەرمانبەری و میریدا نەچوو، کاری ڕۆژنامەوانی بە پێشتر و پێویستتر زانی، ئەم بڕوایەشی لە خۆیەوە نەهێنابوو، بەڵکو ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی سەختی درێژخایەن بوو لە ئەستەمبوڵ، لەو دەمەدا ئەستەمبوڵ قیبلەی ڕۆشنبیران و سەرچاوەی زانست و وێژە بوو، لەو شارە گەورەیەدا دوو جیهان بەیەک دەگەیشتن، جیهانی کۆن و دواکەوتووی ڕۆژهەڵات، و جیهانی نوێ و ڕاپەڕیوی ئەورووپا پیرەمێرد دەیویست ئەو بەرگی پێشکەوتن و گیانی ڕاپەڕینە شارستانییە بکاتە بەری وڵاتە دواکەوتووەکەی، لەبەر ئەوە خوێندەواری و فێربوونی خوێندنی بە مەرجی بنەڕەتی ئەو پێشکەوتنە دادەنا، زۆرجار دەینووسی کە میللەت تا خوێندەوار نەبێت هەنگاوێک نانێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە قوتابخانەی زانستیدا دەوری ڕابەر و دامەزرێنەری بینی. لەلایەکی تریشەوە دەوری پێشڕەوی بینی لە کردنەوەی قوتابخانەی کچاندا لە سلێمانی و هاندانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانە. لە بەرامبەر ئەم کارەیدا تووشی گەلێ هێرش و توانج بوو بەڵام دیسان کۆڵی نەئەدا، و گەرمتر و جوانتر شیعری بۆ کچان و قوتابخانەی کچان دەگوت؛ و لە ١٩٣٢، حسێن کازم کۆچی دوایی دەکات و پیرەمێرد دەکرێت بە بەڕێوبەری ئەو ڕۆژنامەیە، لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپخانەکەی شارەوانی بە کرێ دەگرێت و مافی ڕۆژنامەی ژیان دەگۆڕێتە سەرخۆی. لە ساڵی ١٩٣٧دا لەگەڵ کاربەدەستانی شاری سلێمانیدا تێکدەچێت و چاپخانەکەی شارەوانی لێ دەسەندرێتەوە، بەڵام پیرەمێرد هەر کۆڵنادات دەچێت خانووەکەی دەخاتە ڕەهنی بەڕێوبەرایەتیی «هەتیوان»ەوە، مافی ڕۆژنامەیەکی نوێ بۆ خۆی وەردەگرێت و بەناوی ڕۆژنامەی ژینەوە دەری دەهێنێت و چاپخانەی ژین دادەمەزرێنێت.

### مردن

پیرەمێرد تا دواهەناسەی ژیانی بە ڕۆژنامە و نووسینەوە خەریک بووە، تا لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠، بەرامبەر بە ٤ی ڕەمەزانی ١٣٦٩ی کۆچی، لە شاری سلێمانی لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی گورچیلەوە کۆچی دوایی کرد. لەسەر خواستی خۆی لە گردی مامەیارە، ئەوەی جاران مەڵبەندی ئاهەنگگێڕانی جەژنی نەورۆزی بوو، بەرامبەر بە ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان بووە، لەوێدا نێژراوە. قانع شاعیری کورد کە پێشتر لەگەڵ پیرەمێرددا پەیوەندیی هەبووە، هۆنراوەیەکی درێژی بە بۆنەی مردنی پیرەمێردەوە نووسیوە، کە لە دوای ناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی کورد دێتە سەر باسی پیرەمێرد و شیوەنی مردنی ئەو.

## شیعر و پەخشان

پیرەمێرد لە بواری شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە و یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی کورد کە سنووری لە نێوان شیعری کلاسیکی لاسایی دانەناوە، واتە لە نێوان کێش و قافیەی عەرووزی و سیلابی میللی، ئەمانەی تێکەڵ بە یەکتری کردووە. ئەمڕۆ شیعرێکی تازە بابەتی میللی داناوە و سبەینێ لە شیعرێکی دیکەیدا پێڕەوی بەحری عەرووزی و یەکێتی قافیەی کردووە.

### کێش و قافیە

شیعری عەرووزی دیوانی پیرەمێرد لە چل پارچە شیعر پێکهاتوون. ئەمە ژمارەیەکی کەم نییە لە هەموو بەرهەمە شیعرییە ڕەسەنەکانی. بە زۆری شاعیر بەحری موزاریع و هەزەج و ڕەمەلی بەکارهێناوە. تاکە تاکە بەحرەکانی موتەقاریب و ڕەجەز و موجتەس و خەفیفیش لە شیعریدا بەرچاو دەکەون.

پیرەمێرد لە بەکارهێنانی بەحرەکانی عەرووزدا دەوڵەمەندە. لە بابەت قافیەشەوە دیسانەوە داهێنانی زۆرە، بەوەی دەبوو یەکێتی قافیە لە شیعرە عەرووزییەکانیدا گەلێ زۆر بن، کەچی ئەو بە پێچەوانەوە زۆربەی شیعرە عەرووزییەکانی لە ڕووی قافیەوە جووت قافیەن (مەسنەوی) (اا ب ب ج ج...) کەچی بە ڕاستی جووت قافیە بۆ شیعری میللی کێشی خۆماڵی بەکاردێ، بەڵام پیرەمێرد ئەم ڕچەی شکاندووە. دیارە ئەو بە تەنیا داهێنەری ئەم نوێگەرییە نییە، بەڵام ئەوە هەیە شاعیرانی کلاسیکی دیکەی کورد زۆر کەمتر قافیەی مەسنەوییان بۆ شیعری بەحری عەرووزی بەکارهێناوە.

هەرچی بەشەکەی دیکەی بەرهەمی پیرەمێرد کێشی خۆماڵی، بەشی زۆری شیعری لەم بابەتەن.

شاعیر هەموو کێشە خۆماڵییە میللییەکانی کە لە دیالێکتی گۆرانی بەکاردێن لە شیعریدا بەکاری هێناون. بەزۆری کێشە سووکەکانی بەکارهێناوە وەکو حەوت و هەشت و دە برگەیی. زۆرترین لەم بابەتانە دە برگەییە، وەستانیان لە ناوەڕاست دایە (٥+٥). لە ڕووی قافیەشەوە دیارە هەموو ئەو شیعرانە جووت قافیە (مەسنەوی) ن.

زمان

لە بابەتی زمانی نووسینەکانی پیرەمێردەوە (شیعر و پەخشان) دەڵێن بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە ناو کۆمەڵی تورکی عوسمانی نەژیاوە. هیچ جۆرە تارماییەکی زمانی تورکی لە بەرهەمیدا بەدی ناکرێ. ئەمە کارێکی یەکجار باشە بۆ خاوێنی زمانی نووسین، بەڵام ئەگەر کاریگەرێتی بەجێی زمانی تورکی عوسمانی لە شیعری پیرەمێرددا بەرچاو بکەوتایە ڕەنگ هەبوو هەست بە دیمەنی تازەگەرییەک لەو شیعرانەدا بکرایە.

هەرچۆنێ بێ زمانی ئەدەبیی پیرەمێرد کوردییەکی پاکی ڕەسەنی میللییانەی ناو خەڵکی کوردەوارییە. ئەگەر هەندێ جار هەست بە قورسی وشەیەک بکرێ بە تایبەتی (ناو) بە حسابی دەستووری زمان لەبەر ئەوەیە خوێنەر ئاگاداری وشەکە نییە، زمانی کوردی بە تایبەتی لە دەشتودەر و گوند و دێهاتی دوور لە شار زۆر فراوانە.

## ژیانی هونەری و کارکردن

کارکردن لە حکوومەتدا

پیرەمێرد چەندینجار چەندین پلە و پایەی لە ناو حکوومەتدا وەرگرتووە، هەندێک لەو پۆستانە بریتین لە:

لە ئەیلوولی ١٩٠٩ دا بووە قائیمقامی چۆڵەمێرگ.

لە نیسانی ١٩١٢ دا بووە قائیمقامی قەرەمورسل.

لە شوباتی ١٩١٥ دا بووە بە قائیمقامی بالاوا.

لە ئەیلوولی ١٩١٦ دا بووە بە قائیمقامی بیت الشباب.

لە مارتی ١٩١٧ دا بووە بە قائیمقامی گموش کوی. لە هەمان ساڵدا بە هەمان پلە چووەتە ئیتەپازاری، هەگەلی ئوتە کە دوورگەیەکی خۆش و ناوداری تورکیایە.

لە نیسانی ١٩١٨ دا بووە بە پارێزگاری (موتەسەڕیف) شاری ئاماسیا لە تورکیا، تاکوو ساڵی ١٩٢٣ لەوێ بووە.

ڕۆژنامەوانی

پیرەمێرد لە ساڵەکانی یەکەمی گەیشتنی بە تورکیا و هەر لەو کاتەوە کە ئەندامی مەجلیسی عالی ئەستەمبوڵ و خوێندکاری کۆلیژی یاسا بووە، دەستی کردووە بە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و وتار و زیندووکردنەوەی وێژەی کوردی و ناساندنی بەو جیهانە نوێیە. لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا یا خاوەن و سەرنووسەر بووە یاخود لە دەستەی نووسەراندا بووە و نووسەرێکی چالاک بووە.

کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤دا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی پاش ٢٥ ساڵ ژیان لە تورکیا،[١٩] وای چاوەڕواندەکرد ئەو وڵاتەی لە ١٨٩٨ جێی هێشتووە گۆڕابێت و لە بارودۆخێکی جیاواز و پێشکەوتوودا خۆی بنوێنێت، بەڵام بەداخەوە گۆڕان و بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆی تیادا بەدی نەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەو لە پلە و پایەی موتەسەڕیفی شاری ئەماسییەی تورکیاوە هاتبۆوە، بە هیچ جۆرێک بە لای پایەبەرزی و کورسی وەزارەت و نوێنەرایەتی گەل و پلەی فەرمانبەری میریدا نەچوو، ڕۆژنامەی بە پێشتر و پێویستتر زانی، ئەم بڕوایەشی لە خۆیەوە نەهێنابوو، بەڵکو ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی سەختی درێژخایەن بوو لە ئەستەمبوڵ، لەو دەمەدا ئەستەمبوڵ قیبلەی ڕۆشنبیران و سەرچاوەی زانست و ئەدەب بوو، لەو شارە گەورەیەدا دوو جیهان بە یەک دەگەیشتن، جیهانی کۆن و دواکەوتووی ڕۆژهەڵات، و جیهانی نوێ و ڕاپەڕیوی ئەورووپا.[٢٠] پیرەمێرد دەیویست ئەو بەرگی پێشکەوتن و گیانی ڕاپەڕینە شارستانییە بکاتە بەری وڵاتە دواکەوتووەکەی، لەبەر ئەوە خوێندەواری و فێربوونی خوێندنی بە مەرجی بنەڕەتی ئەو پێشکەوتنە دادەنا، زۆرجار دەینووسی کە (میللەت تا خوێندەوار نەبێت هەنگاوێک نانێت). هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە قوتابخانەی زانستیدا دەوری ڕابەر و دامەزرێنەری بینی. لەلایەکی تریشەوە دەوری پێشڕەوی بینی لە کردنەوەی قوتابخانەی کچاندا لە سلێمانی و هاندانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانە. لە بەرامبەر ئەم کارەیدا تووشی گەلێ هێرش و توانج بوو بەڵام دیسان کۆڵی نەئەدا و گەرمتر و جوانتر شیعری بۆ کچان و قوتابخانەی کچان دەگوت.

پاش گەڕانەوەی لە تورکیا، چەند ساڵێک لە شاری سلێمانیدا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی توخنی کاری میری بکەوێت، لە ساڵی ١٩٢٦دا لە مانگی کانوونی یەکەمدا شارەوانی سلێمانی ڕۆژنامەی ژیان دەردەهێنێت بە سەرۆکایەتی حسێن کازم و پیرەمێردیش دەکرێت بە سەرپەرشتکاری ڕۆژنامەکە. لە ساڵی ١٩٣٢ دا حسێن کازم کۆچی دوایی دەکات و پیرەمێرد دەکرێت بە بەڕێوبەری ئەو ڕۆژنامەیە، لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپخانەکەی شارەوانی بەکرێ دەگرێت و مافی ڕۆژنامەی ژیان دەگوێزێتە سەرخۆی. لە ساڵی ١٩٣٧ دا لەگەڵ کاربەدەستانی شاری سلێمانیدا تێکدەچێت و چاپخانەکەی شارەوانی لێدەسەندرێتەوە، بەڵام پیرەمێرد هەر کۆڵنادات دەچێت خانووەکەی دەخاتە ڕەهنی بەڕیوبەرایەتی «هەتیوان»ەوە، مافی ڕۆژنامەیەکی نوێ بۆ خۆی وەردەگرێت و بە ناوی ڕۆژنامەی ژینەوە دەری دەهێنێت و چاپخانەی ژینی دادەمەزرێنێت.

| ناوی ڕۆژنامە | زانیاری دەربارەی ڕۆژنامە | ئەرکی پیرەمێرد |
|---|---|---|
| ڕۆژنامەی ڕەسملی کاتب | لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو | خاوەنی ئیمتیاز پیرەمێرد بوو. |
| ڕۆژنامەی کورد تەعاون و ترقی غزەتەسی | بە دوو زمانی کوردی و تورکی لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو، لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ تاکوو حوزەیرانی ١٩٠٩ بەردەوام بووە و سەرنووسەرەکەی ئەحمەد جەمیل پاشا بووە. لەو دەمەدا دەنگی کۆمەڵەی کورد بووە کە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سەرۆکی بووە. | پیرەمێرد خاوەنی ئیمتیاز بووە |
| ڕۆژنامەی مسەوڕ موحیت (مصور محیط) | پیرەمێرد لەگەڵ فایق سەبری بەگ دەری دەکرد. | خاوەن |
| گۆڤاری ژین | لە ئەستەمبوڵ لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بە دوو زمانی کوردی و تورکی دەرچووە. | پیرەمێرد لە زۆربەی ژمارەکانیدا شیعر و نووسین و وەرگێڕانی هەیە. |
| ڕۆژنامەی شەمس | لە تاران دەردەچوو و ئەم ڕۆژنامەیە سەید حسێنی ئێرانی خاوەنی بوو. | ئەو کاتەی لە تورکیا بوو زۆر جار شیعر و نووسینی دەنارد بۆ تاران بۆ بڵاوکردنەوە.[٢١] |
| ڕۆژنامەی ژین | کە خۆی لە سلێمانی چاپی دەکرد. وەک درێژکراوەیەکی ڕۆژنامەی ژیان. ڕۆژنامەی ژین ٥٥٣ ژمارەی لێ چاپکرا. یەکەم ژمارەکەی لە ١٩٣٩دا دەرکرد و تا کۆچی دوایی کرد لە ١٩٥٠ دا بەردەوامبوو و بە ژمارە ١٠١٥ی گەیاند. دوای خۆیشی جەمیل سائیب و نووری ئەمین بەگ و گۆران و ئەحمەد زرنگ بەردەوام بوون تا ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیانە ژمارەی کۆتایی (١٧١٤). ئەمڕۆکە بنکەی ژین لە سلێمانی لە هەوڵی دەرکردنی گۆڤارێکدان بەناوی گۆڤاری ژین[٢٢] | خاوەن ئیمتیاز |

لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە پیرەمێرد بەشداری تیا کردوون بەدەر لەوانەی سەرەوە، پیرەمێرد لە گەلێک بڵاوکراوەی تردا دەسترەنگینی خۆی لە نووسیندا نیشانداوە و چالاک بووە لەوانە: گۆڤاری فەرهەنگ و ڕۆژنامەی «شفق سرخ» کە لە تاران دەردەچوون، پیرەمێرد دەڵێت: «هەمیشە من لە ئەستەنبوڵەوە مەقالەو شیعرم بۆ دەناردن».

زۆرجار سەروتاری بۆ ڕۆژنامەی «ئیقدام» و «حورییەت» دەنووسی.

گۆڤاری ئیجتیهاد لە ئەستەنبوڵ لە ساڵەکانی ١٩٠٤-١٩١٢ لەلایەن عەبدوڵلا جەودەتەوە دەردەچوو. پیرەمێرد بەرهەمی خۆی تیا بڵاوکردووەتەوە.[٢٣] لەمبارەیەوە دەڵێت: «عەبدوڵلا جەودەت» لەپاش مەشروتییەت کە لە ئەورووپاوە هاتەوە، لە ئەستەمبوڵ بوو، زۆرتر لەهەموو کەس من لە خزمەتیا بووم، خۆم و نەژادی کورەم بە (نەزم و نەسر) لە مجەلەکەیدا خزمەتمان هەیە».

لە ڕۆژنامەی «ترجماتی حقیقت»ی مامۆستا موعەلیم ناجی کە لە تورکیا دەردەچوو شیعری بڵاوکردووەتەوە.
شیعر و نووسینی ناردوە بۆ ڕۆژنامەی تان کە لە پاریس دەردەچوو، بەهۆی داوود حەیدەری کوڕی ئیبراهیم حەیدەرییەوە، کە لە دەرچووانی خوێندنی باڵای فەرەنسا بوو.

جەژنی نەورۆز

جگە لە کاری ڕۆژنامەوانی، یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە پیرەمێرد گرنگییەکی زۆری پێ داوە نەورۆز بووە، بەڵ ای پیرەمێردەوە نەورۆز تەنها کردنەوەی ئاهەنگێک و گێڕانی ئاهەنگ نەبووە، بەڵکو شتێکی لەوە گەورەتر بووە، لای ئەو هاوکێشەی مەرگ و ژیانەوەی وەرگرتووە، لەلایەکەوە سروشتی مردوو ژیاوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە ڕەمزی شۆڕش و ڕزگاربوونی گەل بووە.

کاری شانۆیی


پیرەمێرد پشت بەو ڕۆشنبیری و زانیاری و گەڕان و پشکنینەی لە تورکیا دەستی کەوتبوو، ویستی بزووتنەوەی شانۆیی بە تایبەتی لە سلێمانیدا پەرە پێ بدات، بەهۆی کۆمەڵەی زانستییەوە چەند شانۆ نامەیەکی خۆی پێشکەش کرد، و لە ڕۆژنامەکەیدا جێگای تایبەتی بۆ باسکردن و پێدا هەڵگوتنی ئەم شانۆگەریانە تەرخان کردبوو. شانۆگەری مەم و زین و مەحموود ئاغای شێوەکەڵ و شەریف هەمەوەندی نووسی و هەریەکەیان لە کاتی خۆیدا پێیشکەش کران زۆرجار دەسکەوتی ئەم شانۆگەرییانەی بەسەر قوتابی هەژار و خەڵکی دەستکورتدا دابەش دەکرد، گەڵێ جار باسی بایەخ و گرنگی شانۆی نووسیوە لە ژیانی کۆمەڵگادا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و نەخوێندەواردا.

## بەرهەمەکان

جگە لە جێدەستی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، پیرەمێرد خاوەنی دیوانێکی شیعرییە، کە چەندین جۆر و بواری شیعری تیا بەدی دەکرێت؛ کۆمەڵایەتی، فەلسەفە، ڕامیاری و هتد بەرهەمەکانی بەناوی «حاجی تۆفیق بەگ»ەوە بڵاودەبووەوە، کاتێک کە پیرەمێرد لە تورکیاوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، تەمەنی بەرەو پیربوون دەچێت، کە ساڵی ۱۹۳۲ شیعری «بەیانی بوو لەخەو هەستام» بڵاودەکاتەوە، بۆ یەکەمجار نازناوی پیرەمێرد بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و دەینووسێت، لەوەبەدواوە بە پیرەمێرد دەناسرێت؛ کە لە تورکیا بوو بەناوی جیاجیا شتی بڵاوکردووەتەوە: سلێمانیەلی توفیق، س. ت، سلێمانیەلی مەحموود نەژاد، سلیمانیەلی م. نەژاد تۆفیق، م. م، سلێمانیەلی وداد، اسماعیل وداد.
پیرەمێرد خۆی لەیاداشتەکانیدا باسی دەکات و بە بەرهەم و کاری ئەدەبیش ساخ بووەتەوە، کە بەچاکی زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی زانیوە. لە نووسینی فارسیدا دەستێکی زۆر باڵای هەبووە وەکو دەڵێن لەو دەمەی خۆیدا مەگەر تەنیا سلێمان بەگی باوکی گۆران، لە ئاستی پیرەمێرد لە فارسیدا شارەزایی بوبێت. خوێندنی ئەو کاتەی پیرەمێرد لە کوردستاندا زیاتر فارسی بووە و تێکەڵ بوونی تورکیش لە کوردستاندا بەهۆی دەوڵەتی عوسمانی و کار و فرمانی ڕەسمییەوە و مانەوەی پیرەمێرد ۲۵ ساڵ لە تورکیا، و ئەو نووسین و شیعرانەی بەتورکی بڵاوی کردونەتەوە.

کتێب و چاپکراوەکان

پیرمێرد خاوەنی چەند کتێبێکە، لەو کتێبە چاپکراوانەش:
دیوانی مەولەوی (ئەسڵ و ڕۆح)، ساڵی ۱۹۳۵ لەچاپخانەی خۆی بە دوو بەرگ لەچاپی داون.
چیرۆکی مەم و زین
دونزە سوارەی مەریوان، ۱۹۳۵
کتێبی پەندی پێشینان، ۱۹۳٦
چیرۆکی محمود ئاغای شێوەکەل، ۱۹٤۲
گاڵتەوگەپ ساڵی ۱۹٤۷، بریتییە لە هەندێک ڕووداوی خۆشی ناو کۆمەڵی کوردەواری، هەم بۆ پێکەنین و هەم بۆ پەند وەرگرتنە.
دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی - بەزنجیرە لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی دەکردەوە.
شیعرەکانی وەلی دێوانە و بێسارانی، ئەوی دەستی کەوتبێ، لە هەورامییەوە کردوویە بە شێوەی سلێمانی.
شیعری گەلێ لەشاعیرانی هەورامان و زەنگەنەی بە شێوەزاری سلێمانی بڵاوکردووەتەوە وەک: شەفیع، مەلا وەلەدخان، مەجزوب، فخرالعلما، مەلای جەباری، عەبدوڵلابەگی زەنگەنە و هتد.
زنجیرە وتارێک دەربارەی مێژووی میرنشینی بابان و خێڵ و تیرەکانی جاف، و گەلێک ڕووداوی مێژوویی گرنگ.


وێنەی دەست خەتێکی پیرەمێرد کە بریتییە لە پەندی پێشینان

لەو کتێبانەی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کورد:
گەشتی هۆنەرمەندێک لە جیهاندا
ڕۆمانی کەمانجەژەن، ۱۹٤۲، لە تورکییەوە کردویەتی بە کوردی.
پەندەکانی پیرەمێرد
کاکەی فەلاح پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە کەسوکاری پیرەمێرد، هەندێک لەم کتێبانەی سەرلەنوێ لە چاپدایەوە.
شیعرەکان
فرمێسکی نهێنی بۆ چارەنووسی کورد
لە سەردەمی ژیانی پیرەمێردا کارەساتی زۆر ڕوویانداوە و بوون بە مایەی غەم و پەژارە بۆ شاعیر، لە ئەنجامدا زنجیرەیەک شیعری ڕۆمانتیکی - سیمبۆلییانەی هێناوەتە بەرهەم. لە ساڵی ۱۹۲۵ لە دوای لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدولقادری نەقشبەندی لە دیاربەکر، پیرەمێرد ئەم شیعرەی وتووە:


وێنەی گۆڕی پیرەمێرد لە گردی مامەیارە لە شاری سلێمانی

هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە   دایکی وەتەن دە هەڵسە سڵاویان بسێنەوە
شێخ قادرە لە پێشەوە سەرقافڵەی ئەوان   چەن جوانە خوێن و ڕیشی سپی پیر و نەوجەوان
سەیری ئەمانە کە کە هەموو کوردی سەف شکەن   ڕووحیان فیدا ئەکرد و ئەیان وت بژی وەتەن
قوربانی تۆن بەڕێز کە تۆ غەم لەبەر نەبی   بۆ ئێمە مردنە ئەگەر ئازادە سەر نەبی
مەگری و مەناڵە با بە خەفەت دڵ شکست نەبن   نەختێ لە لات ئەمێننەوە و بۆ بەهەشت ئەچن
تۆخوا لە باتی ئێمە بە چاوێکی ڕوونەوە   فەرموو کە خوا ئەزانێ لە بیرمان نەچوونەوە
ئاخۆ لە فرسەتێکی ترا بەختیار ئەبین   ئێمەش وەکو ئەوان لە دڵی میللەتا ئەبین
من وام ئەوێ کە حەشر ئەکرێم خوێن بە بەرگەوە بەو عەشقی میللییەوە و بە کزەی سۆزی جەرگەوە
ئەو ئاگرەی لە دڵمەوە بەربێتەوە کفنەکەم تا دوژمنم نەکا بەزوغاڵ شەرتە پف نەکەم

پەندەکان

پیرەمێرد خاوەنی کۆمەڵێک پەندە کە لە پەندی پێشینانی کوردییەوە هەڵقوڵاون و لە ناو هۆنراوەکانیدا هۆنیونییەتەوە، کەژمارەیان دەگاتە ٤٨٠٠ پەند، زۆربەی پەندەکانی ڕۆژانە دەینووسی و لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوی دەکردنەوە، پاش مردنی خۆی، کاکەی فەلاح کۆی کردوونەتەوە و ڕێکیخستوون و لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکراون.

نموونەی پارچەیەک لە پەندەکانی پیرەمێرد:

وتیان بە ڕێوی شاهیدت کێیە؟   وتی کلکی خۆم، باوەڕم پێیە
حەزدەکەی دوور بی لە گێرە و کێشە   بەقەد بەرەی خۆت پێ ڕابکێشە
بەسمان بەسەردا لێدە گیزو فیز   پێوەدان خۆشە نەوەک ویزەویز
لە شارو لادێ ئەم نەقڵە باوە   گیای شین بە جێگای سەختەوە ماوە
شەڕنەکەر پیشەی زوو دانیشتنە   بەردی زل بەڵگەی نەهاویشتنە
ئاو بتبا مەچۆ سەر پردی نامەرد   چش با بخنکێی بە سەد ئێش و دەرد
وتیان پشیلە، گووت بە دەرمانە   دایپۆشی بە خۆڵ ئەو بێویژدانە
شوێن بۆ سەر پیشەی خۆی دەچێتەوە   گیا لەسەر پنجی خۆی دەروێتەوە
قەل ئەڵێن لاسای کەوی کردەوە   ڕۆینەکەی خۆیشی لەبیر بردەوە
مەشهورە بزن بۆ تاقە شەوێ   جێگای خۆش دەکا لە کوێ وەرکەوێ
ناشکوری مەکە بەم بەشە کاکە   لە قوڕ ئەوەندە تۆز هەستێ چاکە
زۆر گوڕتان خوارد و بازێکتان نەدا بۆیە باوەڕتان پێناکەین بە خوا.
ئمڕۆ بە کەڵکە تۆ بە دۆست دەرچی   پاش لێزمە و باران کەپەنک بۆچی.
مادام دنیایە و ئەمانەی تیایە   پیاوی دنیایی لە برەودایە.
کە قەلەڕەشمان ڕێ نیشاندەر بێ   ئەبێ گەورەمان هەر دەربەدەر بێ.
ئەمە دووجارە ئەکەوینە چاڵ   زەرە دەبینین بە ماڵ و مناڵ.
هێشتا پیاوی چاک لێک ناکەینەوە   گرەو لە پیاوی بەد نابەینەوە.
ناوەجاخ بێنە بیخەرە سەر کار   لە پێشدا برای خۆی ئەدا لە دار.
سوحبەتی نادان تاڵ ڕابواردنە   لە دوای کەر ڕۆیین تەرس بۆن کردنە.
مەیەڵێن نەفام دەنگی دەربێنێ   سەگی هەڵەوەڕ دزتان بۆ دێنێ.
شێخ ئەڵێ: ئاگام لە عەرش و قورشە   کێت دیوە بە دۆی خۆی بڵێ ترشە.
سەبری عاشق و پارەی دەست بڵاو   قەرار ناگرن بیشیان خەیتە داو.
ئەوی بە هێزی قۆڵی ئەنازێ   زوو پەکی ئەخا سەختی هەورازێ.
بە ڕێسی خەڵکی بۆچ ئەڵێی: پەتە زوبانت بێڵێ سەرت ڕەحەتە.
پیاوی زۆربڵێ بۆ دۆزەخ بەرە   لەوێشدا ئەڵێ: دارەکەی تەڕە.
ئاگری درۆزن ساتێک ئەگرێ   بەڕە هەر لە لای تەنکی ئەدرێ.
ئەم قەومە وەکو مەڕی بێ زمان   دوای هەرکەسێ کەوت نەیبردە ناوڕان.
وا دامەنیشە تەمەڵ و بەتاڵ   تا نەگری مەمک نادەن بە مناڵ.
شوان دەڵێ شوانین پێئەفتیخارە   نان چنینەوەی لا عەیب و عارە
پەسەندتربوو چ ئێستاو چ زوو   ڕێوی گەڕیدە لەشێری نووستوو
پشیلە دەمی بۆدووگ نەدەچوو   دەیگووت چەندسوێرە، پێم ناخورێ پەکوو
ڕووبەڕو دەبی لەگەڵ ژینی تاڵ   چ ونکی بەخەیاڵ کەس نەبووە بە ماڵ
پیاو کارێ بکا کە پێی بووە ستێ   دووشوتی هەڵ ناگیرێ بەتەنهادەستێ
خۆت لێنەگۆڕێ گەر بوویتە گەورەمەشهوورە دنیا بە پێچو دەورە
کێ باسی خەڵکی کرد بەلاتەوە   بۆئەوان قسەی تۆش ئەباتەوە
ئەوکەسە دۆستی گیانی گیانییە   هاوڕێی نەبونی و لێقەو ماویتە
هەڵەو لەبیرچوون جاروبارێکە   دەڵێن هەر ئەقڵەولەخەسارێکە
سابێ سکی خۆت مەدڕە لەداخا   کێ مرد و کێ ماوە لە و جاخا

پیرەمێرد لە پێش مردنی وەسێتنامەیەکی نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

«ئەمجارە دەمرم، لە مردن ناترسم، ژیانێکی باش و عومرێکی درێژم ڕابوورد، گەلێ شاران و وڵاتان گەڕاوم، گەورە و پادشاهانم دیوە، تاڵی و سوێری زۆرم چەشتووە، بە نیوە خوێندەواری لە سلێمانی دەرچووم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە، بە سەربەرزیی دەزانم کە لە ڕێی باوەڕی خۆمدا حەپس و زیندانێکی زۆرم دیوە. لەم وڵاتەدا دوو چاوم هەبووە، یەکێ زانستی و یەکێ ژین، ئێستا کە ئیتر لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێ و ببم بە بار بەسەر خەڵکەوە، ڕوو دەکەمە قاپی ئەبەدی، ڕوو دەکەمە قاپی ئەبەدی بەبێ ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ، موحتاجی کەس بووبێتم، هیچم پاشەکەوت نەکردووە، هیچیشم لە دوا بەجێ نەماوە، چاوم لە دوای خۆم نییە، خۆم بە ئاخر خێر دەزانم، هەرچەندە یەکانە هیوام ئەوە بوو کە ببینم قەوم و میللەتەکەم پلەیەک لەمە بەرزتر و خوێندەوارتر و پێگەشتووتربن، بوو بەگرێ و لەدڵما و نەمدی، لەگەڵ ئەوەشدا بەختیارم، چونکە بۆم دەرکەوت کە قەوم و میللەتەکەم لە پێشکەوتنان و هەموو جۆرە توانا و قابیلییەتێکیان تێدایە، ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕ و کچ تا خوێندەوار نەبن بێسوودە، هەموو شت بە عیلم و فەنەوەیە وەکو وتومە:

«لای من بە خوێندەوارییە، ئاە خوێندەوارییە/ هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ دەردی کارییە/ ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەک من ئارەزوو ئەکەم/ ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم»

ئامۆژگاریم ئەوەیە بە شوێن مادده مەکەون، دنیا زۆر بە گران مەگرن، تا دەتوانن خزمەتی ڕاست و بێ موقابیلی قەوم و زمان و وڵاتەکەتان بکەن و دەستی داماوان بگرن و لە دین لامەدەن، خوا و پێغەمبەری خۆتان بناسن و ڕەوشتتان پاک و خاوێن بێ. ئامۆژگاریم ئەوەیە چاپخانەکە مەفەوتێنن، ئەم قەلەندەرخانەیە تێکمەدەن، ئەو یەک دوو کەسانەی ئەم بەینە لەم قەلەندەرخانەیەدا خۆیان داوەتە پەنای من، بێ نازیان مەکەن حەقیان بەسەرمەوەیە. ڕۆژنامەکەش لەدەست مەدەن، چاپخانەکە ئیش پێبکەن، چونکە لەلایەکەوە ناکوژێتەوە و خزمەتی پێ دەکرێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو جیهەتەی من یارمەتیم داون، بەڵکو بەهۆی ئیشکردنی چاپخانەکەوە ئەو یارمەتییەیان لێ نەبڕێت. ئامۆژگاریم ئەوەیە کە شیعر و نووسینەکانم کۆکرایەوە مەیفەوتێنن، ئیستیفادەی لێ دەکرێت، ئامۆژگاریم ئەوەیە لە گردی مامەیارە بمنێژن، بۆم مەگرین، ئەگەر زۆر بیرتان کردم جارجارە سەرم لێدەن، فائق ئەم ئامۆژگاریانەم بۆ تۆیە و بۆ ئەو کەسانەیە کە بە تەنگمەوەن.
»

## میرات

پیرەمێرد جگە لە هۆنراوە نووسین و ڕۆژنامەگەری کۆمەڵێک وەرگێرانی شیعری کردووە کە ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی لە کۆمەڵگای سۆرانی زماندا بووە. هەروەها پیرەمێرد یەکێک لەو کەسانە بووە کە زۆر جەختی لەسەر جێژنی نەورۆز کردووەتەوە و هەموو ساڵێک نەورۆزی پیرۆز کردووە.[٣٣] هۆنراوەی نەورۆزی یەکێک لە میراتانەیە کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە جێی هێشتووە.

هۆنراوەی نەورۆز

نەورۆز لە شیعرە هەرە بەناوبانگەکانی پیرەمێردە کە لە ئازاری ١٩٤٨دا وتوویەتی.

نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە جەژنێکی کۆنی
کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکو پار هەر خوێنی
لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد مژدەی
بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە لاوان بە
عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
وا ڕۆژهەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە خوێنی شەهیدە
ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا قەڵغانی گوللە
سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین نامرن ئەوانە




لە ویکیپیدیا وەرگیراوە



# خۆشەویستی چییە؟
## چنار عەزیز

خۆشەویستی ئەو خاکەیە کە سەرجەم بارودۆخە ئەرێنییەکان تیایدا دەڕوێن، کەی بارودۆخە ئەرێنییەکان دەڕوێن؟ بێگومان ئەگەر خۆشەویستییەکی بێمەرج لە پەروەردەکردندا پەیڕەوکرا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوەو ئاکارو توانا و گرفتە جەستەیییەکان و چاو پۆشین لە هەڵەو کەموکورتییەکانی ئەندامانی خێزان. چونکە خۆشەویستی مەرجدار منداڵان فێردەکات بە مەرج هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا بکەن، بە مەرج کەسانی تریان خۆش بوێت. بەو واتایەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەوروبەریان خۆش دەوێت. کاتێکیش بارودۆخەکەیان بە دڵ دەبێت بەسەر کەسانی دەوروبەردا زاڵ دەبن، بەڵام کاتێک بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، کەسانی دەوروبەر نائومێد دەکەن. ئەمەش دەگۆڕێت بۆ ڕق و تووڕەیی و ڕەفتاری خراپ و نابەجێ.
کەواتە کەسایەتییەکی بەهێزو سەرکەوتوو لەناو پەروەردە و خێزانێکی سەرکەوتوو بونیاد دەنرێت، ئەویش بە پەروەردەیەک بێت کە بە خۆشەویشتی ڕەنگڕێژ کرابێت و پەیوەندییەکان بەخۆشەویستییەوە بەرەو پێش چووبێت.
کەواتە بوونی خێزانێکی بەهێز، بۆچی گرنگە؟
بوونی خێزانێکی بەهێز گرنگە چونکە:
ـ یارمەتی ئەندامانی خێزان دەدات هەست بە ئارامی و سەلامەتی بکەن.
ـ خێزانە بەهێزەکان گەرمی و چاودێری و پەیوەندییەکی باش و پێشبینیکردن و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کەسانی دیکەی دەرەوەی خێزانەکە هەیە.
- چاودێریکردنی خۆت بۆ خێزانەکەت باشە و بۆ تۆش باشە.
دایک و باوک و منداڵ: بۆچی گرنگن
منداڵان لەناو خێزانێکی بەهێزدا باشتر فێردەبن و گەشەدەکەن کاتێک پەیوەندییەکی بەهێز و خۆشەویستی و ئەرێنییان لەگەڵ دایک و باوکیاندا هەیە.
ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ دایک و باوکدا منداڵان فێر دەکات کە تێبگەن - ئایا جیهان سەلامەت و ئاسایشە، ئایا خۆشەویستن، کێ خۆشی دەوێن، چی ڕوودەدات کاتێک دەگرین، پێدەکەنن .
دەتوانیت پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ دایک و باوکدا وا لە ئەندامانی خێزان بکات کاتێکی زیاتر بەیەکەوە بەسەر بەرن، ژینگەیەک دروست بکەن کە تیایدا هەست بە بوون متمانە و دڵخۆشی بکەن.کەواتە پەیوەندییە خێزانییەکان ئەگەر لەسەر خۆشەویستی و پەیوەندییەکی گەرم بونیاد بنرێت، ئەوا تەواوی ئەندامانی خێزان هەست بە سەلامەتی و ئاسایش دەکەن.

# ئێستا کچێک نیشتیمانمە !

من چیم دەسیت لە نیشتیمان
جگە لەوەی لە نانێک و
کە کونجێکی دڵنیای و
گیرفانێکی بە حورمەت و
مشتێ هەتاوی ئارام و
بارانێکی خۆشەویستی و
پەنجەرەیەکی کراوەی
سەر ئازادی عەسقم باتێ

شێرکە بێکەس

# یا دەستپێکردن، یا بەکۆتاهاتنی هەموو شتێك

د. کامەران مەنتك
2024\6\22



کێشەی کورد لە باشووری کوردستان گەیشتۆتە بن بەست، لەسەر ئاستی هەرێمی وجیهانییەوە، دەسەڵاتی کوردی هێندە بچووك کراوەتەوە، مەگەر پەرجوویێك رووبدات جارێکی تر گەورە بێتەوە، لەسەر ئاستی ناوەخۆش دەسەڵاتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان هێندە دزێو وقێزەون بووە، لەو باوەڕەدا نیم، تازە هیچ هێزێك هەبێت بتوانێت بۆ تۆزقاڵێکیش بێت جوانیان پێببەخشێتەوە، بەشێکی گەورە لەکێشەکە ئەوەیە، کە ئۆپۆزسیۆنیش ئەگەر نەڵێین هێندەی دەسەڵات، ئەوە بێگومان لەدەسەڵاتیش زیاتر ناشرین ودزێو بووە، ئەم دۆخە لەرووی هزری و فەلسەفەی مێژوووەوە، شتێکی ئاساییەو ئاماژەیەکە بۆ بەکۆتاهاتنی قۆناغێك!.

کەواتە ئەو قۆناغەی تیایدا دەژین، قۆناغی گوێزرانەوەیە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، قۆناغە کە بە هەموو پێوەرێك ماوەیەکی زۆرە بەکۆتا هاتووە، بەڵام سەرەتاکانی قۆناغە نوێیەکە، ئەگەرچی لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتییەوە بەدیارکەوتووە، سیستەمی تاکجەمسەری کاڵ بۆتەوە وململانێیەکی جیهانی لەسەر دارشتنەوەی جێگرەوەی ئەو سیستەمە بەرێوە دەچێت، بەڵام لەسەر ئاستی ناوەخۆدا هیچ تروسکاییەك بۆ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە هزرو سیاسەتی کوردی بەدیناکرێت، تاوەکو ئێستا هزری کوردی، ئەگەر بتوانین بڵێین شتێك فۆرمۆڵە بووە بەناوی هزری کورد، هەر کاوێژ لەسەر ئێستاو رابردوو دەکات وپرۆژەیەکی نوێی پێ نییە بۆ ئایندە، تاوەکو ئێستا بیرکردنەوەکان پارتی ویەکێتیان تێنەپەڕاندووە نەیانتوانیوە لەدەرەوەی ئەوان سەنتەر دروست بکەن، تاوەکو سەنتەرێکی نوێش بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاواز دروست نەبێت، سیاسەت لە هەرێمی کوردستان لەسەر هەمان رێچکە بەردەوام دەبێت.

ئەزموونی گەلان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەردەسەڵاتێك بەر لەوەی بڕوخێت، سەرەتا لەلایەن بەرهەڵستکارییەکانییەوە رەخنەی لێدەگیرێت ریسوا دەکرێت، دوای ئەو ریسوا کردنە، واتە دوای رووخاندنی ئەو دیوارە کۆنە لەلایەن هزرمەندان ورۆشنبیرانی ئەو گەلانە، ئینجا رێگە بۆ دروستکردنی دیوارێکی تر و لەسەر بنەمایەکی نوێ خۆش دەکەن، واتە بەر لەتێکدان ووێرانکردن،بەرچاو روونییەك دەبێت بۆ ئایندە، تا رادەیەکی باش دەزان بۆ قۆناغە کۆنەکە بە کۆتا دێنن وچۆن قۆناغە نوێیە دەستپێدەکەن ولەسەر چ شێوازو بنەمایەك دروستی دەکەنەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەو شتە لە ئارادانە نییە، دەسەڵات ریسوا کراوە دیوارە کۆنەکە لەسەر رووخانە، کەچی هیچ بەرچاو روونییەك بۆ ئایندە لە ئارادا نییە، لەبەرئەوەی بنەماکانی چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەیە تێکنەشکێنراوە، کە بنەمای دیوارە دارزاوەکەی لەسەر بونیاتنراوە، لە کوردستان باشترین و سەیرترین ئەلتەرناتیڤ، کە تا ئێستا بۆ ئەو دۆخە ێشکەش دەکرێت، گەڕانەوەیە بۆ بەغدا، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا واتە چرووك بوون ونەزۆکی هزری کوردی، میللەتێك دەیان ساڵ دژی دەوڵەتێك خەباتی کردبێت وبەهەزاران قوربانی دابێت، دوای شکستی ناوەخۆ دەیان ساڵی تریش بەفیرۆ بدات بۆ بەهێزکردنەوەی ئەو دەوڵەتەو واشببینێت، کە دەتوانێت چارەسەری دۆخەکەی بۆ بکات!

هەرچەندە دۆزینەوەی چارەسەر لە ناوەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئاسان نییە، بەهۆی ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، بەڵام گەڕان لەدەرەوەی ئەو کۆمەلگەیەش بۆ چارەسەری وپەنا بردنە بەر هێزە رکابەرە جیۆپۆلەتیکییەکانی کورد، واتای گۆڕینی خاوەن کۆیلەکەیەو مانەوەیە بە کۆیلایەتی، دەبێت کورد لەناوەخۆ بیر بکاتەوە، هێندە بیر لەو قۆناغەی ئێستاو ودزێوکردنی کردنی دەکاتەوە بارتەقای ئەوو زیاتریش بیر لەو ئایندەیە بکاتەوە، کە دەیەوێت پێیبگات، دەبێت بزانێت چی دەوێت وچۆن قۆناغە بەکۆتا دێنیت وچۆن قۆناغە نوێیەکە دروست دەکاتەوە، دیارە تاکە رێگەش بۆئەمە دارشتنەوەی هزری کوردییە لەسەر بنەما جیۆستراتیژییەکانی کوردستان ودوور کەوتنەوەیە لە سیاسەتکردن لەسەر بنەمای پروپاگەندەو ئەو شەرە دەروونی ئایدیۆلۆژییەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، ئەگەر کورد نەتوانێت ستراتیژێکی باڵاو دنیابینییەکی روون بۆ ئایندە ی خۆی دروست بکات، ئەوە لەگەڵ بەکۆتا هاتنی ئەو قۆناغە هەموو شتێك بەکۆتا دێت ولەناو بەرداشی ململانێیە سەختەکانی ناوچەکە زیاتر دەپلیشێتەوە.

## کوردی زمانم

### عبدالرحمن تاوگۆزی



بـەڵـێ مـنـاڵم وردم
شانـــازیمە کە کوردم
خۆشمەوێ نیشتمانم
جـێـی بـایـەخـە زمانم
دیاری خوایە کوردیگۆم
زمـــانی بوون و شکۆم
شیرینە زمــــــانەکەم
هەناسە بــۆ مـــانەکەم
کوردم بە کوردی دەدوێم
هــەرکاتێکەو لەهەرکوێم
بۆ مانی کورد قــەڵغانە
پێناسەکەی کـــــوردانە
بـــــەم زمانە دڵخۆشم
ڕوون و ڕەوان پێیگۆشم.

# عەلی کەریم



- 1948 لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.
- 1972 ئەكادیمیای هونەرەجوانەكاني بەغدای تەواوكردووە.
- 1979 یەكەمین پێشانگەی تایبەتی لە هۆڵی فریشتەی شاری سلێمانی.
1982دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
- 1993 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
- 1973-1984 پێشانگەی سالانەی مامۆستایانی هونەر لە سلێمانی.
- 1985-2005 بەشداری زیاتر لە (100) پیشانگەی هاوبەشدا كردووە (سلێمانی، بەغدا، هەولێر، ئەڵمانیا، پاریس، ژاپۆن، ئەمریكا، سوید، ئیتاڵیا).
- 1973-2010 چەند جارێك خەڵات كراووە.
- خاوەنی چەندین بابەتی بڵاوكراوەیە لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا.




















# لە پێناو یەکخستنی توانا پەروەردەییەکان

ڕەوف محەمەد ئالانی



کایە و بوار و سێکتەرەکانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی هەمیشە بە بیر وبیرۆکەی جوان و پلان و نەخشەی زانستی و یەکخستنی تواناکان و یەکتر قبوڵکردن، قۆناغەکانی بەدیهاتن و گەیشتن بە ئامانجی گەورە و پێشکەوتن شاد بوون.

ئەگەر لە کایەی ڕامیاری کوردان بڕوانین، دەبینین ئاکام و ئەنجامی گەلی کورد چەند دوورکەوتۆتەوە، دیارە بەهۆی یەکنەگرتن و یەکنەخستنی توانا و ووزە و پرۆژەکان بووە، کە ناکۆکی و دووبەرەکی و یەکتر قبوڵنەکردن و تا گەیشتۆتە لەناوبردن و سڕینەوە و شڵەژان و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و شەڕی نەگریسی خۆخۆری کە بە شەڕی براکوژی ناسراوە.

دیارە بەشێک لەمانە خودی بیرتەسکی کورد خۆی بووە و بەشەکەی تری پلان و نەخشەی دوژمنانی ئەم گەلە بووە و کاریان لەسەر کردووە، لە ئاکامیشدا ئامانجە گەورەکەی نیشتمان و نەتەوە دوورکەوتۆتەوە و بووە بە خەونێک و هیچی تر، کە ئەمەش بۆ هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەر خەمێکی هەمیشەییە.

مەبەستمە بچمە سەر بابەتە سەرەکیەکە کە وەک هەمیشە لای زۆربەی شارەزایان و دڵسۆزان کە ئەویش پەروەردەیە، بەهۆی نەبوونی ستراتیژێکی ووردی زانستی زۆر پرۆژە نەگایشتونەتە هانگاوی ئاراستەکراو ڕووە و ئامانجی خزمەتی پەروەردە.

ڕێزنەگرتنی یەکتر و خۆبە پاڵەوان زانین و کەسانیتر بەکەم ناسین هۆکارێکی سەرەکی ئەو یەک دەنگ نەبوونەیە، چونکە کاتێ مرۆڤەکان ناخرێنە چوارچێوەی سنووری ڕێزگرتنەوە، لە بەرامبەردا کینە و ڕق و باسکردنی خراپە شوێنی کارە ئەرێنی و باشەکان دەگرێتەوە، لەخۆڕا نیە پیرەمێردی مەزن وتوێتی:

قەدری یەکبگرن گەر قەدرزانن
برا بن یەکتر بەسووک مەزانن

ئەوەندەی من بزانم و سەرنجم دابێت، لە ناو کوردستاندا ووزە و توانای زۆر هەن کە مەبەستیانە خزمەت بەبوارو کایە گەورەکەی پەروەردە بکەن، بەڵام ئەم توانا و ووزانە نەخراونەتە بۆتەیەک و یەکیان نەگرتووە، ئەوەش چەند هۆکارێک وایان کردووە، کە دەمەوێ بەشێکیان بخەمەڕوو کە ئەمانەن:

١-خۆپەرستی و خۆخوازی هەندێک لەو کەسانە کە دەیانەوێ هەموو شتێک هەر خۆیان بن و دان بەکەسانی تر کە لەخۆیان پڕئەزموونتر و شارەزاترن بنێن

٢-دەست وەردانی کەس و لایەنی حیزبی، چونکە حیزبەکانی کوردستان ئەوەندە عەقڵیان بچووک وتەسکبیرن، وادەبینن ئەوەی لەگەڵیان نەبێت جێی نابێتەوە و ناکرێ هیجی هەبێت

٣-نەبوونی ئۆرگانێکی بێلایەن و فەرمی تا ببێتە چەتری کۆکەرەوەی تواناکان، چونکە هەموو ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگەی شارستانی، حیزبین و هەمووشیان بەسەرچوون، هەر لە یەکێتی مامۆستایان و یەکێتی نوسەران و سەندیکاکانی تریش بێگومان ئەو ئەرکە بەکەسانی ڕۆشنبیر ئەکرێت، هەروەها ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا بە ڕوونی لە ڕێگەی مامەڵەکردنی لەگەڵ تاکەکان دەردەکەوێت، کە بەرژەوەندی کۆمەڵگاکەیان دەزانن و ڕێز لە پێوەر و بەهاکانی دەگرن و دەزانن چۆن بخوێننەوە و بنووسن چونکە وا دەکات پەیامەکەی بە خێرایی بگاتە زۆرترین ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بە واتایەکی تر، بوونی کەسانی شارەزا و خەمخۆر لەڕێگەی قوتابخانە و ڕۆژنامە و گۆڤار و شوێنی پەرستن(مزگەوت) لە کۆمەڵگادا وەک کەناڵی بەهێز بۆ ئاراستە کردن وپەیوەندیکردن دیارە ئەمانەش بەهۆی یەکخستنی توانا و ووزەی کەسە دڵسۆزەکان بەدیدێت.

یەکەم ئەرک کە ڕۆشنبیر و نوسەرانی ئەو بوارە ئاڕاستەی دەسەڵاتی جێبەجیکردنی دەکەن، ئەوەیە کە تا چەند دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات و هەڵوێستی تاکەکان بەرامبەری چییە (لە قبوڵکردن، پەسەندکردن، ڕەخنە، یان ڕەتکردنەوە)، مانای ئەوەیە کە وەک چاودێرێکی هۆشیار بەرژەوەندی گشتی مامەڵە دەکات و زیانی پێناگەیەنێت نەک خۆخوازی و خۆ پەرستی و خۆنمایشکردن.

خزمەتکردنی پەروەردە بەگشتی، لە پرۆسەکە و ئەدەبی منالان، پێویستە نوسەران و خەمخۆران بیرو ڕاو پرۆژەکانیان یەکبخەن تا کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی ئەنجام بدرێت، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، نەک ئەوەی ئێستا هەیە هەرکەس بیرۆکەیەکی هەبێت، بڵێ من دەبمە خاوەنی پرۆژەکە و کەسیتر نابێ لەسەرووی منەوەبێت.

دەمەوێ بە فەرمودەیەکی خودای مەزن نمونەیەکی بەرجەستەکراوی ژیانی کۆمەڵگە بخەمەڕووکە چۆن داوامان لێدەکات لە هەموو کار و ئیشەکانماندا بۆ کاری باش هاوکار وپشتیوان بین بەڵام بۆ کاری خراپ و نەخوازراو نەبینە هاوکار، بۆیە فەرموویەتی: {وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ..}

بەپێی ئەزموونی کارکردنم لە بواری نوسین و ڕێکخراوەیی و پەروەردەدا، ئەمانەم بەرچاوکەوتوە، هیوادارم ئەو کەسانەی بەمکارانە هەڵدەستن ڕەچاوی هەموو لایەنەکان بکەن و واز لە خۆپەرستی بێنن لەپێناو ئامانجە گەورەکە کە پەروەردەیە.

## شیعری کلاسیکی کوردی

هێندە ناهێنێت دنیا خەم بـــخۆی
ئامانەتیت هاتووی دەبیت زوو بڕۆی

خـــۆ بـــە تایبەتی ڕۆژانـــی پـــیری
باشە خـــو بگریت بە گۆشە گـــیری

بە بێ خەمی بژی بە بێ خەمی بمرە
گۆشـــەی تاریکی مەیـــخانە بـــگرە

بـــە مەستی بمرە بەمەستی هەستە
تا ڕۆژی مەحشەر یەک مەستی بەستە

ســـۆفی بەسیەتی ڕاستی مـــەپۆشە
وەرە لـــەگـــەڵ مـــن پێـــکێک بنـــۆشە

ئێـــرە بـــۆ ئـــەولا وەکـــو مـــەزرایە
کـــڵۆشی ڕیـــشت چـــی لێ دەرنایە

کـــێ لێـــرە مـــۆنە لـــەوێش هەر مۆنە
لێـــرە ڕو خـــۆش بین ئەوێش ئی خۆنە

هەژار

# وەرگێـــــڕان



## عومەر مەحمود
## لەعەرەبییەوە وەریگێڕاوە

وەرگێڕان یەکێکە لە گرنگترین هونەرە ئەدەبییەکان . لەمیانەی وەرگێڕانەوە وەرگێڕ هەڵدەستێ بە گواستەوەی زانیاری لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ، بۆ ئەوەی بەشداریبکات لە بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە و ئاڵوگۆڕی نێوان شارستانیەتەکان و کۆمەڵگاکان .

وەرگێڕان زانستێکی زۆر کۆنە .
زۆربەی شارستانیەتە کۆنەکان لەیەکترییەوە وەرگێڕدراون . یۆنانیەکان لە میسریە کۆنەکانی پێش خۆیان وەریانگێڕاوە و ڕۆمانەکان لەیۆنانەکان و عەرەبەکانیش لەوانەوە .
بۆیە دەبینین فەلسەفەی یونانی وزانستی یۆنانی لەوڵاتی ڕۆم و عەرەبدا بڵاو بۆتەوە . چاکەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕەکان .
لەم سەردەمەی ئێستادا وەرگێڕان ڕۆڵی زۆر گرنگ لەژیانماندا دەگێڕێ
لەگەڵ بڵاوبونەوەی هۆیە نوێیەکانی پەیوەندی لە ڕێگەی ئەنترنێتەوە و پڕبونی بەو هەموو زانیاریە زۆرە ، وەرگێڕان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە گواستنەوەی ئەو زانیاریانە لەنێوان زمانەکاندا و دووبارە بڵاو کردنەوەی
بەزمانی جیاواز .
لەمیانەی ئەوەشەوە زانست و مەعریفە بەخێرایی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر دەگوازرێتەوە .
لێرەدا بەکورتی قسە لەسەر وەرگێڕان و جۆرەکانی و مەرجەکانی و کێشە و گرفتەکانی و جیاوازی نێوان وەرگێڕانی ئەدەبی و وەرگێڕانی ئەکادیمی و وەرگێڕانی زانستی و وەرگێڕانی لەدوی یەک (بەدوای یەکدا) دەکەین .

جـۆرەکانی وەرگێـــڕان

---

أ ـ وەرگێڕانی ئەدەبی :
ئەو وەرگێڕانەیە لەمیانەیەوە وەرگێڕ هەڵدەستێ بە گواستنەوەی دەقێک لەزمانێکەوە بۆ زمانێکیتر بە شێوازێکی ئەدەبی . پێویستە وەرگێڕ زانیاری هەبێ لەسەرئەو زمانەی لێوەی وەردەگێڕێ . هاوکات پێویستە لەسەری ئاگاداری کلتورو مێژو و شاستانیەت و دەسکەوتەکانی بێت . مەرجە وەرگێڕ بەهرەی ئەدەبی هەبێت لەنوسیندا بەشێوەیەک بتوانێ ئەو دەقە داڕێژێتەوە کە وەریدەگێڕێ بە شێوازێک ڕەق نەبێت و خوێنەری ئەو زمانەی بۆ وەرگێڕدراوە ، بەسنگی فراوان وەریگرێ و ماندوی نەکات .پێویستە وەرگێڕ دەسپاک بێت لە وەرگێڕاندا هیچ فرێ نەدا لەو دەقەی وریدەگێڕێ و هیچی نەخاتە سەر . وەگێڕانی ئەدەبی لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر دەگۆڕێ . وەرگێڕانی وتار جیاوازە لە وەرگێڕانی شانۆ . وەرگێڕانی شانۆ جیاوازە لە وەرگێڕانی ڕۆمان .

ب ـ وەرگێڕانی ئەکـادیمی :
بریتیە لە وەرگێڕانی نوسراوی فەرمی و بڕوانامەو دۆکۆمێنتی زانستی ....هتد
١ ـ پێویستە وەرگێڕ وشە بەوشە هەموی بگوازێتەوە بەبێ تێکدانی ڕیزبەندی وشەو ڕستەکان ئەگەر جۆرێک لەڕەقی و لەنگیش دروست بکات .
٢ ـ پێویستە دەسپاکی و متمانەی زانستی بپارێزێ . چونکە وەرگێڕانی ئەکادیمی و داهاتوی کەسێک یان پرسێک دیاریدەکات . وە بڕوانامەو پلەی خوێندن . یان پرسێکی یاسایی و باری کەسێتی یان موڵکداری .
٣ ـ پێویستە وەرگێڕ ئاگاداری دەستەواژە زانستیەکان بێت لەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات و بیانزانێ و لێیان تێبگا بەهەردوو زمانەکە .
٤ ـ پێویستە وەرگێڕی ئەکادیمی لەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات هەموو دەستەواژە زانستیەکان بزانێ و زانیاری لەسەریان هەبێ .
٥ ـ پێویستە وەرگێڕ چەندین فەرهەنگی دەستەواژە ئەکادیمیەکانی لەبەردەستدا بێ لەو زمانەدا کە بـۆی وەردەگێڕێ .

ج ـ وەرگێڕانی زانستی :
١ ـ بریتیە لەوەرگێڕانی بابەتە زانستیەکان لەنێوان زمانە جیاوازەکـاندا .
٢ـ ئەم جۆرە وەرگێڕانە پێویستی بە پابەندبونی وەرگێڕە بە ڕیزبەندی دەق و نەگۆڕینی هیچ شتێک تیایدا .
٣ـ مەرجە وەرگێڕ هاومانا بۆ دەستەواژە نوێیە زانستیەکان لە فەرهەنگەکانی ئەو زمانەدا بدۆزێتەوە کە بـــۆی وەردەگێڕێ .
٤ـ ئەگەر وەرگێڕ ئاستەنگی هاتەڕێ لە شرۆڤەکردنی هەندێک خاڵدا کاتێک ڕاستەو خۆ وەریگێڕا و هەستیکرد خوێنەر لێی تێناگا ، ئەوا دەتوانێ لەپەراوێزدا ڕونیان بکاتەوە .

د ـ وەرگێڕانی لەدوی یەک .
یان بەدوای یەکدا :
ئەو وەرگێڕانەیە وەرگێڕ پێیهەڵدەستێ لەمیانەی بیستنی دەق لەدەمەوە ، یان قسەی کەسێکیتر .
کاتێک قسەکەر لە قسەکردن دەوەستێ ، یان دەقەکە کۆتایی دێ ، وەگێڕ هەڵدەستێ بە گواستنەوەی ئەوەی گوتویەتی ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ زمانێکیتر .
٢ـ ئەمجۆرە وەرگێڕانە بەزۆری لە نەتەوە یەکگرتووەکان و چاوپێکەوتنی ڕوبەڕوی نێوان سەرۆکەکانی وڵاتان و لە ڕوداوە جیهانیە گرنگەکاندا کاری پێدەکرێ .
وەرگێڕانی لەدوی یەک یێن بەدوای یەکدا چەند جۆرێکی هەیە . لەوانە :
أ ـ وەرگێڕانی زارەکی دەسبەجێ :
ئەمجۆرە وەرگێڕانە لە قورسترین جۆرەکانی وەرگێڕانە بەڕەهایی .
ـ پشت بەوە دەبەستێ کە وەرگێڕ گوێ لەو قسەکەرە دەگرێ کە دەیەوێ قسەکانی ڕاستەو خۆ وەرگێڕێ .
ـ کاتێک ئەم کەسە دەوەستێ وەرگێڕ دەسبەجێ هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی قسەکانی .
ـ پێویستە وەرگێڕ زۆر بەباشی گوێ لە قسەکان بگرێ و هیچ ڕستەو وشەیەکی لەقسەکان لە بیرنەچێ .
ـ پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لەزمانی قسەکەر بێت .
ـ ئەمجۆرە وەرگێڕانە بەکارهێنانی لەبەرنامە دیالۆگیەکاندا زۆرە . کاتێک بەرنامەکە بە ئۆنلاین میوانی زۆر بەزمانی جیاواز بەشداری پێدەکات .
ب ـ وەرگێڕانی فیلم :
ـ وەرگێڕانی فیلم کارێکی قورسە . چونکە لەفیلمدا زمانی گشتی قسەکردن بەکار دەهێندرێ .لێرەدا بۆ وەرگێڕ قورسە ، لەزمانی بەرامبەردا ماناکان بدۆزێتەوە .
ـ ئەگەر دەقی نوسراو بۆ فیلمەکە نەبێ ، ئەوا وەرگێڕ ناچار دەبێ پشت بە گوێگرتن ببەستێ .
ـ لەوانەیە دەقی نوسراو هەبێ و فیلم نەبێ . ئالێرەدا وەرگێڕ ڕوبەڕوی ئاستەنگی جیاوازیکردن لە نێوان ڕەگەزی (نێرو مێ) ی کەسایەتیەکان دەبێتەوە .
بنەماو مەرجەکانی وەرگێڕانی پیشەیی :
ـ بۆ ئەوەی وەرگێڕ پیشەیی بێت مەرجە تێگەیشتنی تەواوی لەو زمانەدا هەبێ کە لێی وەردەگێڕێ و ئەو زمانەش بۆی وەردەگێڕێ .
ـ پێویستە وەرگێڕ کەشێکی گونجاو بۆ وەرگێڕان دابین بکات و پێش ئەوەی دەست بەوەرگێڕانی بکات چەند جارێک ئەو بابەتە بخوێنێتەوە کە دەیەوێ وەریگێڕێ . ناکرێ پێش تێگەیشتنی تەواوی لەناوەرۆکی بابەتەکە دەست بەوەرگێڕانی بکات .
ـ پێویستە وەرگێڕ پابەند بێت بە جۆری ئەو وەرگێڕانەی پێی هەڵدەستێ .
ئەگەر وەرگێڕانەکە ئەدەبی بوو دەبێ شوێن پەنجەی بەسەر ئەو دەقەوە دیاربێ کە وەریدەگێڕێ . ئەگەر وەرگێڕانەکە زانستی یان ئەکادیمی بوو ، مەرجە پابەند بێ بە پاراستن و دەسپاکی زانستییەوە .

- پێویستە وەرگێڕ نوێترین فەرهەنگی ئەو زمانەی لابێت کە لێوەی وەردەگێڕێ .بۆ ئەوەی هاوکاری بێت لەو وشەو دەستەواژەکاندا کە قورسن .
- لەوەرگێڕانی ئەدەبیدا پێویستە وەرگێڕ خۆی بخاتە شوێنی نوسەری دەقەکە بۆ ئەوەی بتوانێ وەرگێڕانێکی پیشەیی پێشکەش بکات .
- باشتر وایە ناونیشانی دەقەکە لێگەڕێ بۆ کۆتایی وەرگێڕانەکە . بۆ ئەوەی بەتەواوی لەبابەتەکە تێبگات و بتوانێ ناونیشانەکە بە ڕاستی وەرگێڕێ .
- پێویستە وەرگێڕ بتوانی خۆی لابدات لە هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی ڕێنوس
- وەرگێڕی پیشەیی ئەو وەرگێڕەیە بتوانێ دەستەواژە بەناوبانگەکان لەزمانێکەوە وەربگێڕێتە سەر زمانێکیر .
- وەرگێڕ دەتوانێ لەهەندێ شوێندا ڕای خۆی پیشان بدات ئەگەر ویستی .
- پێویستە وەرگێڕ لێکدانەوە ولێکۆڵینەوە لەهەموو پاشکۆکانی ئەو زمانە بکات کە لێوەی وەردەگێڕێ . بۆ ئەوەی بزانێ چۆن بەکاریان دێنێ .

کێشـــــەکانی وەرگێڕان :

- بێتوانیایی وەرگێڕ لە گواستنەوەی مانا و گەیاندنی بەشێوەیەکی دروست و ورد .
- بێتوانایی وەرگێڕ لە جیاوازیکردن لەنێوان هاوماناکان لەناو یەک زماندا و دواتر کەوتنە هەڵەوە لە کاتی وەرگێڕان .
- جیاوازی ڕێزمان لەنێوان زمانە جیهانیەکاندا کە وەرگێڕ دەخاتە مەترسییەوە لەکاتی بێتوانایی لە گواستنەوەی وشەو ڕستەکاندا بەشێوەیەکی دروست .
- جیاوازی کلتوری لەنێوان وڵاتاندا دەبێتە هۆی گرفت و کێشە لە وەگێڕاندا .

چونکە وەرگێڕ وشەیەک وەردەگێڕێ نەک هەموو کلتوری وڵاتێک بە تەواوی .

- نەبونی ڕۆشنبیری تەواو لای وەرگێڕ کە بیکاتە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو .

بۆئەوەی وەرگێڕ بتوانێ بەسەر کێشەکانی وەرگێڕانادا سەرکەوێ ، پێویستە بەم هەنگاوانە هەڵبستێ :

- دەبێ شارەزایی تەواو لەو زمانەدا پەیدا بکات کە لێیان و بۆیان وەردەگێڕێ . ئاگاداری هەموو وردەکاریەکانیان بێت
- پەنابردن بۆ ئامڕازە یاریدەدەرەکان لەکاتی پێویستدا .لەدیارترینی ئەو ئامڕازانەش ، کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و فەرهەنگەکانە .
- بونی ڕۆشنبیری ئەدەبی تەواو کە هاوکاری دەکات لەوەرگێڕانی پیشەییدا .
- کەشی ئارام و لەبار بۆ وەرگێڕان کە وەرگێڕ تیایدا هەست بە ئاسودەیی و ئارامی بکات .
- جیاوازیکردن لە نێوان وەرگێڕانی ئەدەبی و ئەکادیمیدا.

* جیاوازی نێوان وەرگێڕانی (ئەدەبی) و وەرگێڕانی ( ئەکادیمی )

جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان وەرگێڕانی ئەدەبی و وەرگێڕانی ئەکادیمیدا .ئەویش بەهۆکاری جیاوازی لە مەبەستدا .

لەو جیاوازیانەش :

١ ـ وەرگێڕانی ئەدەبی لە وەرگێڕ دەخوازێ دەقەکە بخوێنێتەوە و بەو شێوازە دایڕژێتەوە کە بەگونجاوی دەزانێ .هەندێ وشەی بۆ زیاد دەکا ، یان هەندێکی لێ لادەبا کە وەرگێڕانیان قورسە یان ئەستەمە .

بەڵام لەوەرگێڕانی ئەکادیمیدا پێویستە وەرگێڕ ڕاستەو خۆ بەشێوەی ڕاپۆرت وەرگێڕان ئەنجام بدا بەبێ هیچ گۆڕانکاری و لادان و زیادکردن .

لەبەر ئەوەی وەرگێڕانی ئەکادیمی چارەنوسی پرسێک یان کەسێک دیاریدەکات .

٢ـ وەرگێڕانی ئەدەبیدا پێویستی بەرۆشنبیریەکی تێرو پڕی ئەدەبی وەرگێڕ هەیە . لەو بابەتەدا کە وەرگێڕانی تێدا دەکات و ئەو زمانەی لێوەی وەردەگێڕێ .

بەڵام لە وەرگێڕانی ئەکادیمیدا پێویستە وەرگێڕ شارەزایی لە دەستەواژە ئەکادیمیەکانی بواری ئەو بابەتەدا هەبێ کە وەرگێڕانی تێدا دەکات و چۆنیەتی بەکار هێنانیان .

٣ـ وەرگێڕانی ئەکادیمی لە وەرگێڕانی ئەدەبی ئاسانترە . چونکە وەرگێڕی ئەکادیمی تەنها بە شارەزایی لە دەستەواژە ئەکادیمەیەکاندا کاری وەرگێڕانی بۆ ئاسانتر دەبێ

بەڵام وەرگێڕانی ئەدەبی پێویستی بە شارەزایی نوسینی ئەدەبی و بەکارهێنانی شێوازە جیاوازە ئەدەبیەکان هەیە . بۆ ئەوەی ئەو دەقەی وەریدەگێڕێ بکاتە تابلۆیەکی هونەری سەرنجڕاکێش کە خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرێ .

٤ ـ وەرگێڕانی ئەدەبی پێویستی بە بیری داهێنەرانە و بەهرەمەندی وەرگێڕ هەیە .

بەڵام وەرگێڕانی ئەکادیمی پێویستی بەوە نیە .

بەمشێوەیە دەبینین وەرگێڕان بەهەموو جۆرە جیاوازیەکانیەوە لەکۆنەوە ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە گواستنەوەی کلتور و فەرهەنگ لە نێوان شارستانیەتەکان و تائێستاش ڕۆڵی پێشەنگ دەبینی لە بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە لە نێوان کلتور و فەرهەنگە جیاوازە جیهانیەکاندا . بۆیە هەرکەسێ بیەوێ بچێتە ناو ئەم بوارە گرنگ و قورسەوە پێویستە ڕۆشنبیرو بابەتی بێت و بتوانێ لە ڕێگەی وەرگێڕانەکەیەوە دەقی وەرگێڕدراو بەشێوەیەک بخاتە بەردەم خوێنەر چێژ بەخوێنەر ببەخشێ و هانی بدا بۆ بەردەوامی خوێندنەوە نەک بێزاربون و دوور کەوتنەوە .

---

ســـــەرچاوە :

موقع / مبتعث للدراسات والاستشارات الاكاديمية

# ڕۆژی جیهانیی وەرگێڕان

ڕۆژی جیهانی وەرگێڕان ڕۆژێکی نێودەوڵەتییە کە وەرگێڕە پیشەگەرەکان دەناسێنێت. دەکەوێتە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوول کە ڕۆژی جەژنی قەشە جیرۆمە، وەرگێڕەکەی ئینجیل کە بە گەورەی وەرگێڕەکان دادەنرێت.

سانت جیرۆم لە کاتی کارەکەی دا. تابلۆیەکی دۆمێنیکۆ گیرلاندایۆ

بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

دەستکاری

لە ٢٤ی ئایاری ٢٠١٧، کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەی ٢٨٨/٧١ی تێپەڕاند کرد کە ڕای دەگەیەنێت ٣٠ ئەیلولی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی وەرگێڕانە، وەک پێزانینی ڕۆڵی وەرگێڕانی پیشەگەرانە لە بەستنەوەی نەتەوەکاندا.[١][٢][٣] ڕەشنووسی بڕیارنامەی A/71/L.68 لەلایەن یازدە وڵاتەوە واژوو کرا: ئازەربایجان، بەنگلادیش، بیلاڕوس، کۆستاریکا، کوبا، ئیکوادۆر، پاراگوای، قەتەر، تورکیا، تورکمانستان و ڤێتنام.[٤] جگە لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی وەرگێڕەکان، لەلایەن چەندین ڕێکخراوی دیکەوە بانگەشە بۆ پەسەندکردنی بڕیارنامەکە کرا، لەوانە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کۆنفڕاسی وەرگێرەکان، بەستەری ڕەخنەگری نێودەوڵەتی، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی وەرگێڕ و ئینتەرپریتەرە پیشەگەرەکان، ڕێد تی، کۆمەڵەی جیهانی وەرگێڕانی زمانی ئیشارەت.[٥]

نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە پێشبڕکێیەکی وەرگێڕانی سانت جیرۆم سازدەکات بۆ وەرگێڕان بە زمانەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕووسی، ئیسپانی و ئەڵمانی.

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی وەرگێڕەکان

ئەم ئاهەنگانەی لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی وەرگێڕەکان (FIT) پەرەی پێدراوە لەوەتەی دامەزراندی لە ساڵی ١٩٥٣. لە ساڵی ١٩٩١ کۆمپانیای FIT بیرۆکەی ڕۆژێکی نێودەوڵەتی وەرگێڕانی بە فەرمی ناسراوی وروژاند بۆ نیشاندانی هاودەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی وەرگێڕانی جیهانی لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی وەرگێڕان وەک پیشەیەک کە لە سەردەمی جیهانگیریدا تادێت زیاتر دەبێتە شتێکی بنەڕەتی.

ویکیپیدیا

# زیرەکترین منداڵی جیهان

## رەزا شوان



لەو باوەڕەدام بە خوێندنەوەی ئەم نووسینە، هەمووتان سەرسامی بلیمەتی ئەم کچۆڵە ئەمریکییە دەبن. کە لە تەمەنی دووساڵیدا بوو بە بچووکترین ئەندامی "مێنسا".

کچۆڵەی بلیمەت (ئیسلا مەکناب) لەدایکبووی ساڵی (٢٠٢٠) ە، لە شاری کریستوود لە ویلایەتی کێنتاکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە تەمەنی دوو ساڵیدا، دوای ئەوەی لە تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکیدا لە سەدا (٩٩) نمرە بەدەستهێنا. لە (٢/ حوزەیران/ ٢٠٢٢) بە فەرمی بوو بە بچووکترین ئەندامی مێنسا. ریکۆردێکی باڵای جیهانی لە زیرەکیدا تۆمارکرد و بە فەرمی ناویان لە تۆماری (گینس) بۆ ژمارە پێوانەییە باڵاکان تۆمارکرد. خۆێ لە دڵی هەموو خەڵکی جیهاندا شیرین کرد. بووش بە یەکێک لە ڕێژی (١%) یەک لە سەد دا، کە ڕێژەی زیرەکەکانە لە جیهاندا.

مێنسا ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە. یەکێکە لە کۆنترین و گەورەترین و بە ناوبانگترین ڕێکخراوەکانی جیهان. مێنسا ڕێکخراوێکی نوخبەییە، بۆ ئەو کەسە زیرەکانەی کە لە تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکیدا نمرەی لە سەدا (٩٨) یا زیاتریان بەدەستهێناون. ئاستی زیرەکیان زۆر بەرزە. واتا ئەو کەسانەی بەڕاستی زیرەکن. تاقیکردنەوەکانی ستانداردی مێنسا، زیاتر لە (٢٠٠) پرسیاری هەمەجۆرە لەخۆدەگرێت.

کۆمەڵگەی مێنسا لە ساڵی (١٩٤٦) لە بەریتانیا دامەزراوە. لە ئێستادا لە زیاتر لە (١٠٠) دەوڵەت لە جیهاندا، نزیکەی (١٤٥) هەزا ئەندامی هەیە. زیاتر یەک لەسەر سێی ئەندامەکانی لە ئەمریکا دان، کە نزیکەی (٥٧) هەزار ئەندامن. لە بەریتانیاش (٣١) هەزار ئەندام. مێنسا کراوەیە بۆ بە ئەندام بوونی ئەو کەسانەی لە سەرانسەری جیهاندا، کە لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیدا، نمرەی زیرەکی باڵا بەدەستدەهێنن. گەورەترین ئەندامی تەمەنی (١٠٦) ساڵە. بچووکترین ئەندامیشی، کە ئیسلا مەکنابە، تەمەنی (٢) ساڵە.

ئیسلا مەکناب، منداڵی چوارەمی جەیسۆن و ئامانانده. بەڵام جیاوازی لەگەڵ خوشک و براکانیدا هەیە. زۆر خێراتر لەوان زیرەکی گەشەدەکات و شت فێردەبێت. هەر لە منداڵییەوە زیرەکی دەرکەوت. کە تەمەنی (٧) مانگ بوو، بە وردی سەرنجی وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو کتێبە وێنەییەکانی دەدا و لەنێو کتێبەکاندا کتێبە وێنەییەکانی دەناسییەوە و جیایانی دەکردەوە. پەنجەشی دەخستە سەر وێنەی ئەو شتانەی کە لە ماڵیاندا هەبوون. لە تەمەنی یەک ساڵیدا فێری فۆنێتیکی هەر (٢٦) پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی بوو. هەموو ڕەنگەکانی دەناسی و ناویانی دەوت. فێری ژماردن بوو.

لە تەمەنی (١٨) مانگیدا، بەبێ یارمەتی هەر خۆی فێری ئەلفوبێی ئینگلیزی بوو. ئایا پێتان سەیر نییە، کە منداڵێک لە تەمەنی دوو ساڵیدا، بێ ئەوەی کە کەسێک فێری کردووبێت، بەبێ کێشە دەست بە خوێندنەوەی کتێب بکات و بتوانێت بنووسێت؟

لە یادی ڕۆژی جەژنی دوو ساڵەی لەدایکبوونی ئیسلادا، پووری (خوشکی دایکی) تابلێتێکی پلاستیکی نووسینی سڕاوەی، بە دیاری پێشکەش کرد. کە لە ئێستادا زوربەی منداڵان لە ماڵدا هەیانە کە پێنووسێکی تایبەتی لەگەڵ دایە.

(جەیسۆن مەکناب) ی باوکی ئیسلا، لەسەر تابلێتەکە وشەی (سوور) ی نووسی. ئیسلا یەکسەر بە دەنگێکی بەرز خوێندییەوە و وتی: سوور. دایک و باوکی سەریان سوڕما و کەوتنە گومانەوە. بۆ دڵنیایی باوکی ئەم وشانەشی نووسی (شین)، (زەرد)، (وەنەوشەیی)، (پشیلە)، (سەگ). ئیسلا بە دەنگی بەرز هەر هەموویانی خوێندەوە. بێجگە لەوەش، ئیسلا فێری زمانی ئاماژەیی ئەمریکیش بووە. دایک و باوکی واقیان وڕما کە ئەم زمانە لەکوێوە فێربووە؟! توشی شۆکیش بوون، کە بە دەنگێکی بەرز بۆ یەکەم جار. کتێبی (پیت پشیلە)ی بۆیان خوێندەوە.

دایک و باوکی لێرەوە بۆیان دەرکەوت، کە ئیسلای کچیان بلیمەت و ناوازەیە. بەڵام چاوەڕوانی ئەوەیان ناکرد، کە ئیسلا لەم تەمەنەدا، ببێت بە بچووکترین ئەندامی مێنسا و ریکۆردێکی باڵی جیهانی لە ئاستی زیرەکیدا بەدەست بهێنێت و لە تۆماری (گینس) بۆ ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکرێت.

دایک و باوکی کۆمەڵێک پیتی پلاستیکی و موگناتیزی و قەدیفەییان بۆ کڕی. لەناو هۆڵەکەیاندا، بەم پیتانە لە بەردەم کورسییەکیاندا نووسی (چ ێ ر) چێر، لە بەردەم قەنەفەکەشیان نووسی (س و ف) سوف. لەسەر سندوقێکی کارتۆنیش لەناو چێشتخانەکەیان نووسی (م و م) موم، واتە دایکە. تەنانت کە پشیلەکەشی پاڵکەوتبوو. لە بەردەمیدا نووسی ( ک ە ت) کەت، واتە پشیلە.

بێجگە لەوەش لەسەر ڕێڕەوە چیمەنتۆکەی دەوری خانووەکەشیان، بە تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ، چەندین وێنەی کێشا و چەندین وشەی نووسی. هەر لەم تەمەنەدا زیاتر لە (٥٠٠) وشە فێربوو. بە ئاسانیش بۆ پێشەوە و بۆ دواوە تا (٢٠٠) ی دەژمارد. بە ساکاریش فێری کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن بوو. لەم تەمەندا چوار پێنج کتێبی دڵخوازی وێنەداری دەخوێندەوە. لەوانەش کتێبی: زنجیرەی (پیت پشیلە)،(چیکا چیکا بوم بوم) کە منداڵان لێیانەوە فێری ئەلفوبێ دەبن، کتێبی (کاترپیلەری زۆر برسی) و کتێبی ( کەوتنە خوارەوەی پیتەکان) ئەم چیرۆکەی بەلاوە زۆر خۆشبوو، پیتەکان سەردەکەون بۆ سەر دارێک و دوایی هەموویان دەکەونە خوارەوە. ئیسلا بە پیتە باغەییەکانی ئەم چیرۆکەی پراکتیزە دەکرد و دوایی دەیرماندن. ئەلفوبێ بەلای ئیسلاوە وەک یاری وابوو.

ئەگەرچی ئیسلا منداڵێکی بلیمەت و پەرجۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا منداڵێکی سادە و ئاسایی و خاکییە. منداڵیەکی کۆمەڵایەتییە، ڕووخۆش و لێوبەخەندەیە. بە ئاسانی پەیوەندی هاوڕێتی دروست دەکات. وەک هەر منداڵێکی ئاسایی چێژ و خۆشی لە منداڵیی خۆی وەردەگرێت، لای مامۆستاکەی خۆشەویست و لە دڵا شیرینە. بێجگە لە بەهرەی ناوازەی لە خوێندنەوە و لە نووسین و لە کردارەکانی بیرکاری دا. هۆگری کتێب خوێندنەوە و کتێبخانەیە. یاری لەگەڵ پشیلەکەی (بووگەر) و لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکات. ئارەزووی وێنەکێشان و هەڵهێنانی مەتەڵ و دۆزینەوەی پیتە نادیارەکانی وشەسازی هەیە. سەیری فیلمی کارتۆن لە تەلەفزیۆن و بەرنامەی منداڵان لە یوتیوبدا دەکات. ئیسلا هەردەم سەرقاڵی خوێندنەوەیە و فێربوونی زانین و ناسینی شتی تازەیە. ساتەکانی دانیشتن لەگەڵ ئیسلادا، پڕن لە خەندە و پێکەنین.













لەوانەیە لە یەکەم نیگادا، ئیسلا وەک منداڵێکی ئاسایی دوو ساڵان دەرکەوێت. بەڵام دەتوانێت ئەو کارانە بکات کە لە خەیاڵی کەسدا نییە. دایکی بۆ زیاتر کەشەکردنی بەهرەی ئیسلا، پێیوایە پێویستی بە بەرنامە و بە وانەی تایبەتیی فێرکردن هەیە.

لە سەرەتادا دایک و باوکی نیگەران بوون، لەوەی کە ئیسلا وەک پێویست ناخەوێت، بەیانیان زور زوو لەخەو هەڵدەسێت. بەڵام پزیشکی منداڵان و دەروونناسی منداڵان دڵنیایان کردن. ئاسایە کە منداڵانی زۆر زیرەک و بەهرەمەند کەمتر بخەون.

دایک و باوکی ئیسلا (ئاماند مەکناب ـ ٣٨ ساڵ)، (جەیسۆن مەکناب ـ ٤٣ ساڵ) باوکی دکتۆری ددانە و ئەندامی کۆمەڵەی مێنسایە. بڕیاریاندا بۆ زانینی ئاستی زیرەکی ئیسلا، بیبەن بۆ لا پزیشکی پسپۆر و زانای دەروونناسی تایبەتی منداڵان، بۆ پشکنین و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکی. دکتۆرەکانی دەروونناسی ئامادەنەبوون کە بۆ منداڵی لەخوار تەمەن چوار ساڵانەوە،

تاقیکردنەوە بۆ منداڵ بکەن. چونکە بەلایانەوە ئاسان نییە و کاتیکی زۆریشی دەوێت. بەڵام کە دایکی ئیسلا چیرۆکی بەهرە و ناوازەیی کچەکەی بۆ دکتۆر (ئیدوارد ئامێند) گێڕایەوە، کە دەروونناسی منداڵانە. پسپۆرە لە تاقیکردنەوەی منداڵانی بەهرەمەند. رازی بوو کە بەدەر لە منداڵانی دوو ساڵان، تاقیکردنەوە بۆ ئیسلای دوو ساڵان بکات. دکتۆر ئیدوارد زۆر سەری سوڕما، کاتێ کە ئیسلا هەموو وشەکانی سەر ئەو پۆستەری بە دەنگی بەرز خوێندەوە، کە بە دیواری نۆرینگەکەیدا هەڵواسرابوو. لە ماوەی دوو رۆژدا تاقیکردنەوەی گشتی ئیسلای کرد. زۆر سەری سوڕما بە بەهرە و بە ئاستی زۆر باڵای زیرەکی. کە توانی لە تاقیکردنەوەی (ئای کیو) دا، لە سەدا (٩٩) نومرە بەدەست بهێنێت. بەمەش جیهانی سەرسام کرد. بەپێی گروپی تەمەنی ئاستی زیرەکیی خۆی، ئاستی زیرەکی ئیسلا، لە ئاستی زیرەکی هەردوو زانای ناودار، ئەلبێرت ئانیشتاین و ستیڤن هۆکینگ باڵاترە. بەم ئەنجامەش ئیسلای تەمەن دوو ساڵان، بوو بە بچووکترین ئەندامی مێنسا لە جیهاندا.

لە رۆژی (٢/ حوزەیران/ ٢٠٢٢) دا، رێکخراوی گینس وەک بچووکترین ئەندامی مێنسا رایگەیاند. ریکۆردێکی نمرەی باڵای جیهانی بەدەستهێنا، بە فەرمی دانیان بە ئاستی زۆر زیرەکی ئیسلا مەکناب نا و ناویان لە تۆمارکری گینس تۆمارکرد و بڕوانامەی بڕیاری دان پێنانیان پێبەخشی.

ئیسلا لەو کاتەوە هەستی بە ناوازەیی خۆی کرد، کە تەلەفزیۆنەکان روماڵی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان بڵاوکردەوە و خۆیان پێشان دا و کەناڵەکان و میدیاکان دیداریان لەگەڵ دایک و باوکیدا کرد. دایک و باوکیشی ڤیدیۆکانیان لە یوتیوبدا بڵاودەکردەوە.

لە ئێستادا تەمەنی ئیسلا مەکناب نەبووە بە چوار ساڵ، لە باخچەی منداڵان دایە.

دەربارەی داهاتووی ئیسلا، دایک و باوکی وتیان، دڵنیانین کە داهاتوو چی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام گەشبینین کە داهاتوویەکی گەشی لەپێشە و هیواخوازی ئەوەین کە رۆژێک رۆژان (زانکۆی هارڤارد) سکۆلەرشیپ (مینحەی خوێندن)ی پێببەخشن. یان لە پەیمانگای ماساتشوستس بۆ تەکنەلۆژیا وەربگیرێت. ئەمە خەونی ئێمەیە. بەڵام کە ئیسلا گەورتر بوو، ئایا دەبێت خەون بە چییەوە ببینێت؟ ئێستا ئەو منداڵە و پێویستی بە یاری و شادی هەیە، پێویستی بە چێژ وەرگرتن لە تافی منداڵیی خۆی هەیە.

**(*) بۆ ئەم نووسینەم، سوودم لە چەندین ماڵپەڕی ئینگلیزی وەرگرتووە.**

# کودەتا دژی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان: ڕۆڵی یەکەکانی ڕاهێنان لە پەراوێزخستنی پێوەرەکانی خوێندن

د. بەهمەن جەبار



لە گۆڕانکارییەکی دراماتیکدا لە سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یەکەکانی ڕاهێنان دەستیان کردووە بە جێگرتنەوەی یەکەکانی سەرپەرشتیاری. ئەم گۆڕانکارییە بەبێ مشتومڕ تێنەپەڕیوە، چونکە پرسیاری زۆری لەسەر کوالیتی و کاریگەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی وروژاندوە. پاڵنەری ڕاستەقینەی پشت ئەم گۆڕانکارییە چییە؟ ئایا خزمەت بە سیستەمی پەروەردەیی دەکات یان زیانی پێدەگەیەنێت؟ ئەم بابەتە بەدواداچوون بۆ کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییە لەسەر کوالیتی پەروەردە دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەو شفرە شاراوانەی لە پشتیەوەیە و ئەم دیاردەیە لەگەڵ ڕەوتە جیهانییە هاوشێوەکاندا بەراورد دەکات.

گۆڕانکاری لە یەکەکانی سەرپەرشتیاریکردنەوە بۆ یەکەکانی ڕاهێنان: داڕشتنەوەی جێی پرسیارە!

یەکەکانی سەرپەرشتیاری لە قوتابخانەکاندا هەمیشە بەردی بناغەی دەستەبەرکردنی ستانداردە بەرزەکانی خوێندن بوون. بەرپرسیار بوون لە سەرپەرشتیاریکردنی ئەدای خوێندن و پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ مامۆستایان. بەڵام هەرێمی کوردستانی عێراق شایەتی گۆڕانکارییەکی کتوپڕ بووە، چونکە یەکەکانی مەشق و ڕاهێنان دەستیان کردووە بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو ئەرکانە. بە پێچەوانەی سەرپەرشتیارانی نەریتیەوە، ئەم ڕاهێنەرانە زۆرجار مامۆستای کەم ئەزموونن، نەک بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانیان بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندییەکان یان بڕیاری کارگێڕییەوە هەڵدەبژێردراون.

بڕوانامەی ڕاهێنەران: نەبوونی ئەزموون و زانیاری

وەرگرتنی ئەرکی سەرپەرشتیکردن لەلایەن ڕاهێنەرە ناشارەزاکانەوە نیگەرانییەکی بەرچاو دەوروژێنێت. ئەم ڕاهێنەرانە تێگەیشتنێکی گشتگیر و ئەزموونی پراکتیکییان نییە کە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرانە و ڕاهێنەری هاوکارەکانیان. ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردن پێویستیان بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە پێداگۆژی و بەڕێوەبردنی پۆل، ئەو کارامەییانەی کە بەدرێژایی ساڵانی وانەوتنەوە و گەشەپێدانی پیشەیی گەشە دەکەن. گۆڕینی سەرپەرشتیارانی بەئەزموون بە ڕاهێنەری کەم ئەزموون، کوالیتی خوێندن تێکدەدات و هەڕەشەی دابەزینی ستانداردەکانی خوێندن دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆ سەرپەرشتیاران ئەم ڕۆڵە نەبینن لە کاتێکدا ئەرکی خۆیانە. هەر بۆ خۆی سەرپەرشتیار بە پێی زۆربەی پێناسە زانستیەکان ڕۆڵی ڕاهێنەریشی هەیە!

پاڵنەرەکانی پشت گۆڕانکاری: گەندەڵی ئیداری و فریودانی سیستماتیکی

پێناچێت ئەم گۆڕانکارییە دەرئەنجامی هەوڵەکان بێت بۆ باشترکردنی سیستەمی پەروەردەیی، بەڵکو دەرئەنجامی ئەجێندا شاراوەکان و سیاسەتە ئیدارییە جێی پرسیارەکانە. پێدەچێت بەشێک لە تاکەکانی ناو یەکەکانی سەرپەرشتیاری کە وەک بەڕێوەبەری یەکەکان دانەمەزراون، پیلانیان بۆ تێکدانی ئەم ڕۆڵە داڕشتووە، و هەمووانیان بە وەزارەتەوە فریوداوە کە کاریگەریی یەکەکانی سەرپەرشتیاری کەمبکەنەوە لە بەرژەوەندی یەکەکانی مەشقکردن. جێگای سەرسوڕمانە کە وەزارەت پارەی زیاتر دەدات بۆ ئەم گۆڕانکاریانە نەک پاشەکەوتکردنی خەرجییەکان.

دەرئەنجامەکانی بۆ کوالیتی خوێندن: تێکچوونی حەتمی

دەرئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییە دوور مەودا و کاریگەرن. پێش هەموو شتێک ئەگەری زۆرە کاریگەری لەسەر کوالیتی هەڵسەنگاندنی مامۆستا هەبێت. ڕەنگە ڕاهێنەرانی ناشارەزا چاوی ڕەخنەگرانەیان نەبێت کە پێویستە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی بوارەکانی باشتربوون لە پراکتیکەکانی فێرکاریدا. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی خراپی شێوازەکانی فێرکردن، کە داهێنان و باشی بە شێوەیەکی پێویست نەناسرێتەوە یان پەروەردە نەکرێت. جگە لەوەش، نەبوونی سەرپەرشتیارییەکی دروست لەوانەیە ببێتە هۆی دابەزینی ورەی مامۆستایان، چونکە لەوانەیە هەست بکەن کە هەوڵەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو پشتگیری یان هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکرێت.

بەراوردکاری جیهانی: وانە فێربووەکان

ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بە هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕەوتی هاوشێوە لە سەرانسەری جیهاندا بەدی کراوە، کە چاکسازییەکانی پەروەردەیی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری نەریتی کەمکردووەتەوە. بۆ نموونە، لە هەندێک ناوچەی خوێندن لە ئەمریکا، گۆڕانکارییەک ڕوویداوە بەرەو سیستەمی پێداچوونەوەی پێکەوەیی کە مامۆستایان یەکتر هەڵدەسەنگێنن (هەرچەندە ئەمەش بۆخۆی مۆدێلێکی سەرپەرشتیاریە). لە کاتێکدا ئەمە دەتوانێت ژینگەیەکی هاوبەش پەروەردە بکات، بەڵام مەترسی کەمکردنەوەی بابەتی بوون و توندی هەڵسەنگاندنەکانیش هەیە ئەگەر بە باشی بەڕێوەنەبرێت. لە حاڵەتەکانی تردا، کەمکردنەوەی بودجە بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرپەرشتیاری بە ئەزموون بە بەدیلێکی کەمتر گرانبەها جێگەیان بگرێتەوە، زۆرجار لەسەر حیسابی فێرکاری کوالیتی، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ کەمکردنەوەی تێچوون نیە و بەڵکو زیادکردنیەتی!

پێشنیارەکان بۆ باشترکردن: گەڕاندنەوەی سەرپەرشتیاری

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەتوانرێت چەند هەنگاوێک بنرێت. سەرەتا پێویستە دڵنیابین لەوەی ئەو کەسانەی وەک ڕاهێنەر یان سەرپەرشتیار هەڵدەبژێردرێن ئەزموون و شارەزایی پێویستیان هەیە. ئەمە دەتوانێت پێوەرەکانی هەڵبژاردنی توندتر و بەرنامەی ڕاهێنانی گشتگیر لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی بە کارامەیی پێویست بۆ سەرپەرشتیاریکردنی کاریگەر تەیاریان بکات.

دووەم: پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ڕاهێنان و سەرپەرشتیاریکردن کلیلە. لە کاتێکدا کە مۆدیولەکانی ڕاهێنان دەتوانن ڕۆڵێکی پشتیوانی بگێڕن، بەڵام نابێت بە تەواوی جێگەی میکانیزمەکانی سەرپەرشتیاری نەریتی بگرن. لە کۆتاییدا، پەروەردەکردنی ژینگەیەک کە تێیدا فیدباک و هەڵسەنگاندن بەهایان پێبدرێت و بە شێوەیەکی بنیاتنەر بەکاربهێنرێت، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی ستانداردەکانی وانەوتنەوە بەبێ ئەوەی پیشەیی مامۆستایان تێکبدات.

گۆڕان لە یەکەکانی سەرپەرشتیارییەوە بۆ یەکەکانی ڕاهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکی فراوانترە لە چاکسازیی پەروەردەیی کە کۆنترۆڵی کارگێڕی بە لە پێشینەی شارەزایی پێداگۆژی دادەنێت. هەرچەندە ڕەنگە مەبەستەکان لە هەندێک لایەنەوە باش بن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کاریگەریی گەورەی لەسەر کوالیتی پەروەردە هەیە. دڵنیابوون لەوەی کە ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە ئەزموون و شارەزایی باشیان هەیە بۆ پاراستنی ستانداردە بەرزەکانی خوێندن زۆر گرنگە. بۆیە دەبێت سەرپەرشتیار و ڕاهێنەر لەیەک جودا نەکرێنەوە و فریودان کۆتایی پێبێت.












# یادی شەهیدێکی دار قەزوانی چیای کەتووی سەرکەش

## عەلی محەمەد چوارتایی

بۆ داربەڵاڵوکە جەستە خوێناویە کەی کەتووی مێژوو!
بۆ هەڵۆ ڕۆح سوورەکەی دووندی کەتووی جەستە خوێناوی!
سپێدەی بەیانێکی بوو،تازە خۆر چاوە تیشکە خەووتوەکانی بەسەر جەستەی سلێمانیدا بڵاوکردبۆوە،خۆر وەک مرۆڤێکی خەواڵووی ماندوو، بەناچاری دەگەڕایەوە بۆلای مرۆڤە کلۆڵ و هیلاکەکانی شار!
خەڵکی شار لەناوزیندانیەکی گەورەدابوون.چواردەوری شار بەرەبایەومۆڵگەکانی دووژمن گەمارۆدرابوو،ڕۆژحکومەت شای شار بوو..
شەویش خەڵکی شار مەلیکی شاربوون..
شەوانە دووژمن نەی دەتوانی خۆی دەرخات.هەر کەڕۆژ دەبووە سەربازەکانی دووژمن دەستیان دەکرد بەگرتنی گەنجان لاوانی شارو یەکەسەر بۆ زیندانە تاریکەکان دەبران.زۆر جاریش بەهەوڵی کەس وکار، بەپارە گەنجەکانی شاریان ئازاد دەکرد،دوای چەند ڕۆژێکیش گەنجە ئازاکان بەرەو سەنگەری شاخ دەچوون ودەبوون بەمیوانی قاسپەی کەو شنەی شەماڵی لووتکەی چیا بەرزەکان!
(کرمانج) لەڕۆژێکی هاوینێکی تاقەت پڕوکێندا،بەپسووڵەیەکی نهێنی ڕێکخستنەکانی شارەوە،بەرەو ڕەوەز.و.نزاری شاخی پیرمەگروونی باپیر بەڕێکەووت،بوو بەمیوانی کاروانێکی بێکۆتایی ژیان..
یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتی بوو.!
مەفرەزەیەک دەچوون بۆشار،فەرماندەی مەفرەزەکەووتی: کرمانج گیان تۆ تازەیت شارەزای ڕێگاو چوونە شار نیت،بۆجارێک وسەفەرێکی تر دەتبەین تۆ ئەم شەو لەم گوندە بمێنەرەوە.بەیانی دێینەوە بۆلات!
کرمانجی کوڕی شارم،بەم ووتەی فەرماندەی مەفرەزەکە،دڵی تەنگ بوو تۆزێک ڕاما،ووتی: من کوڕی شارم کوچە بەکوچەی شار وگەڕەکی شارەزام،دەزانم خۆفرۆش وخائینان لەکام شوێن وگەڕەکن،ئەگەر ئەم شەو نەیەم لەگەڵتان چەک دادەنێم.و.دەگەڕێمەوە بۆشار!
فەرماندەی مەفرەزەکە چاری نەما،لەگەڵ کۆتای هاتنی زەردەی خۆر.و.هاتنی شەوێکی تاریک.یەک لەدوای یەک.وەک ڕەوە پڵنگێکی چاوتیژ وبەهێز، بەرەو شار کەووتنەڕێ،لەگەڵ یەکەم هەنگاویان بۆناو گەڕەکی شارکەوتنە کەمینی دووژمنەوە،یەکەم دەستڕێژی تەقە لەدووژمن( کرمانجی کەتووم) کردی.دوایش شەڕێکی چەند دەقیقەی ڕوویدا،پێشمەرگەکان لەکەمینەکەی دووژمن ڕزگاریان بوو.گەڕانەوە بۆگوندی( دۆڵە گوڵێ ) ڕۆژان هاتن وچوون.وەرزی کۆن شوێنی خۆی دەبەخشی بەوەرزێکی نوێ،ساڵەکانی شاخ زۆر کورت بوون،پیاوەپۆشاک سەووزەکانی ڕێبواری خۆر نەیان دەزانی ساڵ چۆن دێ ودەڕوا،لەسەفەرێکی سووری نەگەڕانەوەی مەملەکەتی خوێناویدا،چیای کەتووی باوکی(خولە پیزە) بووە شوێن وسەنگەری پۆشاک سەووزەکانی پیرەمەگروونی لووتکە بەفراوی..
لەسپێدەیەکی ڕۆژێکی کۆتایی بەهاردا،لەم سەری چیا بۆ ئەوسەری چیا،سەنگەری هەڵکەنراوی پۆشاک سەووزەکانی پیرەمەگروون بوو..
دوو.دوو.پێشمەرکە چاویان لەسەر سێرەی تفەنگیان بوو،پەنجەی شەهادەتیان.لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ بوو چاوەڕێی هاتنی دووژمن بوون،لەگەڵ یەکەم گزنگی خۆری بەیانی،بارانی گولەی تۆپ باری بەسەر سەنگەرەکانی پۆشاک سەووزەکانی چیای کەتوودا..
باران چۆن دەباری، ئاو پارچەی گەرمی تۆپەکان وویزەوگیزەیان بوو،زۆرجار بەلای کڵاوجامەدانی پۆشاک سەووزەکاندا گیزەیان دەکرد،بەڵام نەیان دەتوانی دیواری سەنگەرەکان بڕمێنن،تۆپەکان لەگرمەوناڵە نەدەکەووتن،تۆپێک دەدرا بەزەویدا دەیانی تر بەسمانەوە بوون،نێوان دووژمن سەنگەرەکان زۆر نزیک بوون،لەگەڵ ڕێژنەی گولەی هەردوولا،سەربازو جاشەکان دەیانەوویست زوو خۆیان بگەیەننە ناو سەنگەرەکان،بەڵام دووهەڵۆی پۆشاک سەووزی عارەقاوی ماندوو،
خوار ڕاوینان،بارینی تۆپ کەوتەوە بارین بەسەر چیانشینەکاندا،هەر هەنگاوێک وتۆپێکی بەردەکەووت،سەنگەر قایمەکان ڕمان،بەردی ژێر لوولەی تفەنگەکان ووردوخاش بوون،خوێن و پارچەی بەردو ئاسن تێکڵاوبەیەک بوون.نامە.و.قەڵامی ناوگیرفانی پۆشاک سەووزەکان خوێناوی بوون کەووتنە سەر زەوی. تفەنگەکان پارچە.پارچە بوون،شان ودەستە بەهێزەکان،لەت وپەتکران..
پارچەی تۆپ گیرفانە خاڵیەکانیانی سووراوی کرد..
باخەڵ.و.گیرفانەکانیان خاڵی بوون لەپارە،تەنها چەند پارچە نانە ووردەیەکی ڕەقی تێدابوو.
سەنگەرەکان پڕبوون لەخەندەو بزەی شیرین.. پڕبوون لەوەفای نارنجی..
پڕبوون لەوورەی ڕۆح سەووزی..
پڕ بوون لەهیوای شیرین..
پڕ بوون لەدواماچی شەهیدێک بۆنیشتمانەکەی..
دوای کۆتایی هاتنی گرمەوناڵەی تۆپەکان هاوڕێکانیان جەستەولاشەی شەهیدەکانیان بەکۆڵ لەشاخی کەتوو هێنایە خوارد بەخاکی سەووزی نیشتمانیان سپاردن،
هەزار چەپکە گوڵی نارنجی بۆ گڵکۆ و مەزاری پیرۆزت،ئەی کوڕە شەهیدەکەی شاخی کەتوو.



# گەیشتومەتە ئەو بڕوایەی کە نوسینی شیعر بە تەنها هەر ئیلهام نیە

بەڵکو وشەسازی و دانانی بەردی وشەیە بۆ دروستکردنی دیوار یان تەلاری شیعر؛ کە واتا و چیرۆکێک بدا بە دەستەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا خودی شیعر بوونەوەرێکی زمانەوانییە.

هێدی گەلاڵی

١- لە پایتەختی رۆحتدام
لە وڵاتێکی دیکە
نەهاتووم من؛
لەوەتەی خۆم ناسیوە
لە سنوری شارەوانی.
مەملەکەتی دڵی تۆدا نیشتەجێم
ڕۆژەکانی عومری هەرزەییم
لە شەوە تاریکەکانی
قژی خاوتا حەشار دەدا
وردە بەردی دانەکانتم
لێ ببووە ئەڵماس و مرواری
لە مەملەکەتێکی تر
نەهاتووم من ؛
لە ساڵانی پێش هەرزەیم
چاوشارکێم لەگەڵ منداڵانی
کۆڵان دەکرد
لە نێوان هەردوو گردی سینەتدا
خۆم حەشار دەدا
حەزم دەکرد
لەو پەنایە کەس نەمدۆزێتەوە!!
من نامۆ نیم بە پایتەختی
شاری دڵت
من چاوساغم
بە بینینی
هەموو کوچەو
کۆڵان و تولە ڕێگاکانی خۆشەویستیت.
من شارەزام...
بە هەموو باخچە و سەوزایی و پانتایی دەروونت
بەڵێ گیانە؛
من لە چەقی پایتەختی ڕوحتدام
بێ ڤیزە و پاسپۆرت تێیدا نیشتەجێم!!
٢- هەستێکی ناکام
لە ئاست ئاوازی ناسکی
دەنگی تۆ
دیوارێکی بێ جولەم
وەک ئەو دیوارە قوڕانەی
لە گوندەکان دروست دەکران
بۆ هەتا هەتایە
لە هزر و هەستماندا بوون بە بیرەوەری
لە ئاست دەریای چاوەکانتا
کەشتیەکی کەنار کەوتووم
وەک ئەو کەشتیانەی
شەپۆڵ بەزەیی پێیان نەهاتەوە و
نوقمی کردن
وێنەی ئەو درەختانەشم
لە وشکەساڵی بەزەیتا بێ ناز و
پەژموورده بوون.
لەو ڕۆژگارە ڕوناکە دا
ڕوخسارم کوژاوەتەوە
حەزم لە شەوە ئەنگوستەچاوەکانا
چەشنی دارستانی قژی
قەترانی تۆ
خۆم تیایدا حەشار بدەم.
ڕاهاتووم بە تەزووی گەرمی
هەناسەت..
ڕاهاتووم بە گڕ و هاڵاوی
دەروونت.
ڕاهاتوشم بە ساردی بەفری
سینەت
لە ئاست میهرەبانی دڵت دا
وێنەی کەسێکی غەوارە
ڕەفتار دەکەم
بوێریم تێدا هەیە
پڕ بە گەرووم
هاوار بکەم خۆشمدەوێیت..
بەڵام گیانە،
بەژنی زراڤ و
شەنگی و جوانیتا
دۆش داماوم!



## تەرم

ستار ئەحمەد

خەو لەم شارە
مەلێکی وێڵی تەریوە
کوێی بیەوێ
ڕووی تێ دەکا
تەنها ژووری
نیگاکانی ئێمە نەبێت
تۆ بۆ خەونی رابردووت و
من بۆ داهاتووی نادیار
دڵ دەدوێنین
گوڵ دەڕوێنین
نەمن بەچڵێك شادبوومەوە
نەتۆ لەتامی بەرامە حاڵی دەبی
هەناوت ساباتی دارەو
ناخم باخچەی خۆشەویستی
من و تۆ
دەروون تەی دەکەین
جگەری خاك هەڵدەکۆڵین
تۆ تینووی دڵۆپێك ئاوو
من ئالوودەی فرمێسکی گەرم
کەشەوان بانگمان لێ دەکات
شیعر ئامێزم توند دەگرێت
تۆش دەست دەبەیت
بۆ گەردنی تارمایی تەرم.

# محەممەد ڕەسوڵ هاواروحەممەدی نێرگز گۆرانییەکی پڕ لەیادگاریی منداڵی



تەها عومەر

منداڵ بووم تەمەنم کەمتر لە دەساڵ بوو ، واتە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان ، ئەوکات هێشتا تەلەفزیۆنمان نەکڕیبوو ، ئێمەی منداڵی ماڵە هەژارەکان زۆرجار شەوانە بۆسەیری تەلەفزیۆن ئەچووینە ماڵە دراوسێکانی نزیکی خۆمان ، ئێمەی منداڵی پڕ لەجوانی و پاکی و بەرائەت ئەوانەی زیاتر حەزمان بە بینینی ئەکرد ئەفلام کارتۆن و تەمسیلی کوردی و گۆرانیە کوردیەکان بوون ، کە زۆر لەوانە بوونەتە جوانترین یادگاریی منداڵیم ، یەکێک لەو یادگارییە زۆرجوان وشیرینانە کە ئێستاش دیمەنەکانی لەپێش چاومە گۆرانیەکی زۆرخۆش بوو بەناوی (جووتێ چاوی شینی مەنگت ) بە دەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی هونەرمەندی بەرزی کۆچ کردوو ڕەوانشاد کاک محەممەدی نێرگز ، بەومناڵییەی خۆمەوە هەرکات ئەو گۆرانیە لێ ئەدرا ئیتر من هەمووگیانم ئەبوو بە چاوو بە گوێ بۆ بینین و بیستنی ئاوازی سیحراوی و وشەی جوان و دەنگە پڕ سۆزەکەی کاکە حەمەی نێرگز و بەدیاریەوە دائەنیشتم تا تەواو ئەبوو، لەوساتەوە تاکو ئێستاش ئەو دەنگە خۆشە لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە و زۆرجار بەیادی ئەوڕۆژە جوانانەی منداڵیمەوە گوێ لەو گۆرانیە ئەگرم ، خەیاڵێکی قووڵ لەگەڵ خۆی هەڵئەگرێ و ئەمباتەوە بۆ ئامێزی ئەو یادگاریە شیرین و پڕ لەچێژانەی منداڵیم ، ئێستا سەیری تازەترین مۆدێلی تەلەفزیۆن و گەورەترین شاشەش ئەکەم کەچی تامی ئەو تەلەفزیۆنە ڕەش وسپیە تەڵخەی جاران نادات .

ئەوسا منی منداڵ نەمئەزانی ئەو شیعرە جوانە هی کامە شاعیرە ، تاکو لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و قاڵ بوونم بەخوێندنەوەو دیوانی شاعیرانی کوردەوە جا زانیم ئەمە یەکێکە لە شاکارە شیعرە جوانەکانی شاعیرو نووسەرو مێژوونووسی نەتەوەکەم مامۆستا محەممەد ڕەسوڵ هاوار ، کە لەساڵی 1948 دا نووسیوێتی و کاکە حەمەی نێرگز سەرەتای ساڵانی حەفتاکان کردوویەتی بە گۆرانی ، ناونیشانی شیعرەکە (بەرامبەر شۆخێک) ە ، بەڵام هونەرمەند ناوی شیعرەکەو هەندێ وشەی ناوشیعرەکەیشی گۆڕیوەو تەنها چەند دێڕێکی لێ هەڵبژاردووەو کردوویەتی بەو گۆرانیە جوانەی کە تاکو ئێستاش ئەو تام و چێژەی خۆی ون نەکردووەو ناوی هونەرمەندوشاعیرەکەیشی بە نەمری هێشتۆتەوە .


فەرموون لەگەڵ دەقی تەواوی ئەو شیعرە بەرزەی مامۆستا هاوار کە لە دیوانەکەی خۆیەوە وەرمگرتووە :

(بەرامبەر شۆخێک)

جووتێ چاوی شینی مەنگت هێندە گەش و سیحراوییە
پڕ تەلیسمە دڵفرێنە تا بڵێی لێم کارییە
یەک کەڕەت هۆش و خەیاڵم نوقمە تیایا ون بووە
گێژو تاساون بە جارێک پیشەیان هەر زارییە
وام لەبەردەمتا کەساس وەستاوم داوێن گیری تۆم
هێزی ئەژنۆم لێ بڕاوە چارەکەم ناچارییە
ئاخری ئەم شێوەیەت ئەمخاتە سەرڕێی بتپەرست
گەرچی ئێستا بتپەرستی کفرو ناهەموارییە .

هەزاران سڵاوو درود بۆ ڕۆحی پاکی هونەرمەند کاکە حەمەی نێرگزی هەمیشە زیندوو ، شاعیری گەورەو نەمر مامۆستا محەممەد ڕەسوڵ هاوار .


سەرچاوە :
دیوانی محەممەد ڕەسوڵ هاوار
سەرجەمی بەرهەم - بەرگی دووەم(تەواوی شیعرەکانی شاعیر)
ئامادەکردنی :
د.عوسمان دەشتی ، سدیق ساڵح
بنکەی ژین
سلێمانی ساڵی چاپ 2007





## حەمەی نێرگز

هونەرمەند ناوی تەواوی محەممەد ساڵحی حاجی شەریفە باوکی ناسرابوو بە سالح بەگی عەلاف (1965کۆچی کردووە) و باپیریشی حاجی شەریف مالی لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی سلێمانی کەماڵەکەی بە حەوشی گەورەی کانی ئەسکان (کانێسکان) ناسرابوو، بەهۆی کوێر بوونی باوکی کە هونەرمەندو براو خوشکەکانی منداڵ بوون دایکیان بە خێووی کردوون 3 برا و 4 خوشک بوون وە هەروەها نازناوی نێرگز بەهۆی کە باوکی دوو ژنی بووە ودواتر کوێر بوونی و ڕۆڵی بەرزی پەروەردەی نێرگزی دایکیان نازناوی پێداون ئافرەتێکی زۆر زیرەک بووە لە هونەری خواردنکردندا و خواردنی بە خۆشترین خواردن لە سلێمانی ناوی هەبووە. (نێرگز محەممەد ئەحمەد \1904.ز -1991.ز) براکانی خوالێخۆشبوو وەستا سەڵاحی نێرگز (1943.ز-2011ز) لە باشترین وەستاکانی مەرمەر و کاشی بووە و پێشمەرگەی ئەیلوول بووە تا کۆتایی شۆڕش، برا گەورەکەی ناوی کەریمی نێرگز کە خەیات بووە و دواتر چووە بۆ بەغدا و لە ڕێکەوتی 1963 بە دەستی عەرەبەکان لە ڕوباری دجلە دەخنکێنرێت.



# سەمای فریودان (کارەساتی پووچەڵکردنەوەی خەونی میلەتێک)

ن: د. کامەران محەمەد



لە ڕێڕەوە پەنهانەکانی مێژووی وڵاتەکەماندا، چیرۆکێک ئاشکرادەبێت، کە مووی جەستە گرژدەکات و خودی جەستەش دەهەژێنێت! سەدەیەک کە بە خوێن و ئازاری گەلێکی داگیرکراو و تامەزرۆ بۆ ئازادیی نەخشێنرابوو .لەم گێڕانەوە پڕ لە گێژاوەدا دوو حیزب سەریان هەڵدا، ئەوان مەشخەڵی ئازادییان هەڵگرتبوو و بانگەشەی بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆییان بەگوێی هەمواندا دەدا، بەڵام لەهەناویاندا تۆو و لەدەرەوەشدا ئامرازی لەناوچوونی بەکۆمەڵمانیان هەڵگرتبوو !

بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ فەرمانڕەوایەتی، (چێژ و نەشوەی دەسەڵاتدارێتی) گاڵتەی بە ئاواتەکانی سەدەیەکمان کرد، وەک ئێسکێکی شکاو لە ژێر قورسایی خیانەتە سیاسییە بەردەوامەکاندا وردوخاش بووین. لەکاتێکدا ئەم دوو حیزبە کێبڕکێیان لەسەر باڵادەستی دەکرد، نەتەوەکە کە ڕۆژگارێک زیندوویی بە ژیان دەبەخشی، بۆ (بوکەڵە)یەکیی جێیی بەزەیی گۆڕا، کە (شکۆ) و (یەکێتی) بووە قوربانییەک لە نمایشێکی شانۆیی ناشریندا .

(گەورەکان!)ی بوکەڵەکە، کە بەهۆی چاوچنۆکییە تێرنەخواردوەکەیانەوە سەمفۆنیای ئیستغلالکردنیان ڕێکخستبوو. ئەوان لەجیاتی دوژمنە دەرەکییەکان خاکەکەیان تاڵان کرد، ڕێک وەک چارەنووسی دڵتەزێنی (ترۆی)، سەدەی دوازدەهەمی پێش زایین بوو، ئەوێ شارێک بوو، کە ڕۆژگارێک لە ترۆپکی بەهێزییدا بوو، بەڵام بەدەست ململانێی ناوخۆیی و هێرشی دەرەکییەوە کەوت .دواتر نیوەی خاکەکە شاهێدی خوێنی ڕژاو و ئەو یارییە بوو کەتێیدا (گەورەکان!) بە دوژمنە دەرەکییەکەیان دۆڕاند! ڕێک وەک ئەو وێرانکارییە دڵتەزێنەی کە لەساڵی١٤٦ پ. ژ بەسەر قەرتاجدا هات! ئەوێ ژیارێک بوو، کە بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانەوە لاواز ببوو، دواتر لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە خورا !

بۆیە لە کاتێکدا ئەم دوو حیزبە لە سێبەری دووفاقی خۆیاندا سەمایان دەکرد، خاکیان کردە قوربانی و بەخێر بەو دوژمنەیان بەخشی کە بۆ پەرتیی و لاوازیی میللەتەکەی ئەمان هەلهەلەی لێدەدا !دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی وەک یاریزانە دۆڕاوەکان لە یارییەکی دروستکراوی خۆیاندا، خۆیان ڕادەستی فیکەی ناوبژیوانە دەرەکییەکە کرد، کە فیکەی کۆتایی دەسەڵاتدارێتییەکەی بۆ لێدان !

لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا خەڵکی شکۆشکاو و برسی و هەژار بوونە زەرەرمەندی ڕاستەقینە. مێژوو بە جیاوازییەکانییەوە، چیرۆکی شارستانییەتە ڕوخاوەکان دەگێڕێتەوە، چارەنووسی ئێمەش لەگەڵ شین و ماتەمینی ئیمپراتۆریەتە کەوتووەکاندا تێکەڵ دەکات .

چیرۆکەکەمان کە ڕۆژگارێک لێوان لێو بوو لە خەونی سەربەخۆیی، ئێستا وەک گۆرانییەکی خەمناکی لێهاتووە- سەمفۆنیای نائومێدی کە لەلایەن ئەو کەسانەوە ڕێکخرابوو کە بڕیاربوو پارێزەر و بەدیهێنەری ئومێدەکانمان بن.

مەرگەساتی پاشەکشەمان لە بێدەنگی ناڵاندنەکانماندا خۆی نمایش دەکات، لە کاتێکدا سەمای فریودان لەم نیشتمانەدا بەردەوامە، ئەویش بە باڵکێشانی هەورێکی چڵکنی ڕەشبینیکەر بەسەر ئەو خاکەی کە سەردەمانێک نیشتمانی گەشبینی و شکۆمەندیی و شانازیکردن بوو.

# بۆ چی گرنگە مەنهەجی خوێندن نەمێنێ؟

ڕەهێڵ دزەیی



لە سستێمی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان، مەنهەج هەیە، واتا لە هەر پۆلێک و بۆ هەر بابەتێک کتێبێک ئامادەکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، مامۆستا و فێرخواز پابەندی ئەو کتێبەن و ئەوەی لەم کتێبە هاتووە دەبێ بیخوێنن و تا کۆتایی ساڵی خوێندن دەبێ هەموو لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بخوێنن. زۆربەی کتێبەکان قەبارە گەورەن و ئەو ڕۆژانەی تەرخان کراوە بۆ خوێندن لە هەرێمی کوردستان، کە لە ستەنداری جیهانی کەمترە، لەگەڵ زۆری بابەتەکانی ناو کتێبەکە یەک ناگرنەوە و کاتی زۆر زیاتری پێویستە تا مامۆستا بتوانێ بەشێوازێکی سەردەمیانە و زانستیانە فێرخواز فێر بکات، ئەمەش وا لە مامۆستا دەکات زۆرێک لە بابەتەکانی مەنهەج بە پەلە و بێ ئەوەی مافی خۆی پێبدرێت و فێرخواز بە باشی لێی تێبگات بیلێتەوە.

مەبەست و ئامانجی سەرەکی فێرگاکان(قوتابخانە-خوێندنگا) ئەوەیە فێرخواز بە قۆناغ زانستەکانی فێربکرێن. هەر بۆلێک لە پۆلەکانی خوێندن و بە گوێرەی تەمەن و گەشەکردنی فێرخواز ئەو بابەتانەی دەبێ و دەکرێ فێربێت دەستنیشان دەکرێت.

لەو سستەمانەی مەنهەج بوونی هەیە، زانستەکان لە کتێبەک یان زیاتر دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی مامۆستا پابەندی بێت بۆی نییە لێیدەرچێت، فێرخوازەکانی فێربکات. مەنهەج لایەنە نەرێنییەکانی زیاترە لە ئەرێنییەکانی.

لە بوونی مەنهەچ مامۆستا کاتی ئەوەی نییە بە شێوازێکی سەردەمیانە و مێتۆدەکانی وانەبێژی( دیداکتیک) بەکاربێنێت بۆ ئەوەی ئەو زانستە بەشێوازێک بگەیێنێت بە فێرخوازەکانی و فێری بن، زیاتر مامۆستا پەنا بۆ مێتۆدی بانکی دەبات، فێرخواز زانیاریەکان ئەزبەر دەکات نەک تێیبگات.

لە بونی مەنهەج مێتۆدی بانکی ڕۆڵی سەرەکی هەیە، مامۆستا زانیاری دەبەخشێت و فێرخواز کۆیدەکاتەوە، کەمتر تێگەیشتن و ئاشنابوون بوونی هەیە. مامۆستا سەنترە و فێرخواز ڕۆڵی نییە لە پرۆسەی فێربوونی خۆی.

لە بوونی مەنهەج فێرخواز تەنها لەو زانیاریانەی لەناو کتێبەکە بوونیان هەیە تاقی دەکرێتەوە و هەلی ئەوەی نییە بەدوا زانیاری زیاتر دابگەڕێ و پرسیار و گومان و ئەرگومێنتی هەبێ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی مامۆستا ئامادەی کردوە دەربارەی ئەو زانیاریانەی لە مەنهەج هەیە و نمرەی بەرز بەدەسبێنێت.

بوونی سستمی پەروەردە و فێرکردن لە هەر وڵاتێک بۆ ئەوەیە نەوەکانی فێری زانست و مەعرفەت بکات، فێربوون گرنگترینە.

مامۆستا دەبێ ئازادبێت چ شێوازێک و چ ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ فێرکردنی فێرخوازەکانی، لە بەرامبەردا ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنە، (پلانی فێربوون) لە سستمێکی پەروەردە و فێرکردن جێگیربکات. لە پلانی فێربوون دەستنیشان بکرێت لە هەر پۆلێک و لە هەر بابەتێک فێرخواز دەبێ چ فێربێت تا کۆتایی ساڵی خوێند، لە پەرلەمان کۆدەنگی لەسەر پلانی فێربوون بدرێت.

ئەگەر پۆلی یەکی سەرەتای بە نمونە بێنینەوە، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە پلانی فێرکردن دەستنیشانی بکات لە بابەتی زمانی کوردی فێرخوازی پۆلی یەک لە کۆتا ساڵ دەبێ چ فێربووبێت، هەروەها لە بابەتی ئینگلیزی و زانست و بیرکاری، مامۆستا لێرە ئازادە چ ئامرازێک بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی فێرخوازەکەی فێر بکات، بە هەمان شێوە بۆ پۆلەکانی تر. لێرە هەلی بەکارهێنانی میتۆدە جیاوازەکانی فێرکردن زیاتر دەبێ لەبەردەم مامۆستا. فێرخواز ڕۆڵی زیاتری دەبێ لە پرۆسەی فێربوونی خۆی،

لە هەمووی گرنگتر لە کۆتایی ساڵی خوێندن فێرخواز ئەو زانستانەی دەبوو فێربێت، فێربووە و لە زاکرەی درێژخایەنی جێگیربووە و لەلای بۆتە مەعرفەت و دەتوانێت بەکاری بهێنێت و سودی لێوەربگرێت لە ئەزمونەکانی ژیانی. مامۆستا لەگەڵ فێرکردن کاتی زیاتری دەبێت و دەتوانێت ئەو مێتۆدانە بەکاربێنێت بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێک لە پەروەردە کردن و دروست کردنی کەسایەتی فێرخوازەکە، کە لە بوونی مەنهەجێکی زۆر بواری پەروەردە زۆر قەدیس کراوە.

کار بکرێت بۆ نوسین و ئامادەکردنی کتێبی جۆراو جۆر لە هەر بابەتێکی خوێندن لە لایەن نوسەرانی بوارەجیاجیاکان، لەلایەن وەزارەتی پەروەردە پەسندبکرێت، بۆ ئەوەی مامۆستا چەندین چاوکی جیاجیای لەبەردەست دابێت و ئەو چاوکەی پێی باشترینە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی سودی لێوەربگرێت لە پرۆسەی فێرکردنی فێرخوازەکانی.

نەمانی مەنهەج بابەتێکی حەتمییە، تەنها کات و کاری زیاتری دەوێ لەلایەن کەسانی پەروەردەیی و شارەزایانی زانستی پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخ. دەکرێ لە هەرێمی کوردستان کاتی زیاتر بخایەنێ تا کەسانێکی دڵسۆز و بەتوانا و شارەزا بەرپرسیارتی ئەو کەرتە وەردەگرن، بەڵام لە کۆتایی دەبێ ئەو سستەمەی ئێستا بوونی هەیە گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە ببینێت و سستمێکی دیموکرات و هاوچەرخ و پێشکەتوو بێتە کایەوە کە شایستەی گەلی کوردبێت و نەوەکانمان بە شێوازێک فێربکرێن و پەروەردە بکرێن بتوانن کۆمەڵگا و نەتەوەکەمان بەرە پێش ببەن و داهێنان و دیموکراتی و ئازادی و دادپەروەری بۆ گەلەکەمان فەراهەم بکەن.

# هەڵوەرینی گەڵاکانی هزر

## لەوەرزێکی کاڵدا

ژنیارێکی بێ ئەزموونیت
تائەوکاتەی هەنگاوشەکەتەکانت ئاشنادەبن
بەنۆتەی پێچاوپێچی ژیان
تۆ چی لەژەنینی تار و کەمانچەیەک
تێدەگەیت
ئەگەر ڕێگەیەکی تاریک
پەلکێشی نەکردبیت
بۆ نێو جەنگەڵێکی ساماناکی
پڕ لەوشەی خەمگین!
تاکو دەیان جار بەسەر کەند و لەندی نۆتەکانی
حەسرەتدا نەکەویت
تاکو سۆڵۆی چاوەڕوانیەک مەرگت
پێشان نەدات
هەرگیز ناتوانی ئاوازێک بژەنیت بۆمانەوە!،
لەشوشەی پڕ لەدرزی کام پەنجەرەوە
لە زاهیدێک  دەڕوانیت
تا نزاکانت بەودا بنێریت بۆ خودا ؟!،
بەکوڵێ تێکشانی ڕۆح و
بەم دڵە گەرمەوە
ونبوون لەم بیابانە سوتێنەرەدا
ئازارێکی ئێجگار قورس و نەبڕاوەیە
ئیدی وەرزێک نەماوە بۆ هاتنی
قاز و قوڵینگ و
کۆچە دوورەکانی پەڕەسێلکە،
ئیدی باران لەکاتی داکردنیدا  چاوەڕوانی هەور ناکات!
لەخۆم دەپرسم بۆچی لێرەم؟
تەنیایی شعورێکی زۆرغەریبە
لەم وەرزی تەزینی نائومێدیەدا
یادگاریەکان دۆزەخێکی سوتێنەرن!
کە چاوەڕوانی شەکەتمدەکات
چاوێک بەناو جانتاکەمدا دەگێرم دەبینم ئەو لەوێ
سەری خستۆتە سەرسنگم و ئارام نوستووە
منیش هەرچەندە هەناسەکانی دەژمێرم
ژمارە کۆتایی نایەت!
ئای لەم هەتاوە سووتێنەرە
چۆن هەراسانم دەکات و
لەخیاڵی ناو ئەلبومەکە دام دەبرێت
ئەو ئەلبومەی لەکاتی تونیەتیدا
پەنای بۆدەبەم
لەوێنەیەکدا
لێوم بەسەرلێوی پیاوێکی
گەنم ڕەنگەوە جێماوە
ئێرەی بەخۆم دەبەم و
دەڵێم تەنیا وێنەیەک
چۆن دەتوانێ موعجزەیەکی واگەورە بخوڵقێنێت ؟!
بەقەدەر پانتایی گەردوون
دووریم چەشت
لەپێناوی وێنەیەدا
کە دەشێت ئەوە
کلیلی دەرگا داخراوەکانی چارەنوسبێت!
کاتێ ڕێگاکان پڕدەبن لەکۆسپ و
غوبار



پێڵاوەکانم
دەمبەنەوە سەر کاسەی سەری
ئەو پیاوەی ژیانی کردم بەمۆمێک و لە
شەوەتاریکەکانی خۆیدا دایگیرساندم ..!
ئێستاکەمن بەدوای دڵۆپێک زەرنیخەوەم
تا لەرۆژی لەدایکبوونیدا
بۆی بکەم بەدواین دیاری،
دایکم پێی گوتم
دەست بۆمانگ درێژ مەکە
کوا دەتوانی بەم هزرەکاڵەتەوە
یاریی لەگەڵ مانگدا بکەیت؟
دەستم برد بۆ سوراوەکەم و
لێوەکانم بە تۆخی نەخشاند
پێی گوتم
تۆ لەبەهاردا لەدایکبویت
خۆت مەدە بەدەستی خەیاڵی پایزیەوە
ئەتکەتگەێنێت بەهەڵوەرین،
بەوپێیە خاوسانەوە
لەگەڵ جنۆکەدا سەفەرمەکە تانەگەیت
بەبیابانێکی سامناکتر لەتەنیایی،
هاوڕێبوون لەگەڵ جنۆکەدا
کراسێکی لەبەرنەکراوت  بۆناهێڵێتەوە،
دایکم بەحیکمەتەوە لەگەڵ ئەفسانەکاندا دەژیا،
منیش لەنێوانی خۆرئاوابوون و بێدەنگیدا
خەودەمباتەوە
ژاوەژاوی مرۆڤەکان جێدەهێڵم و
بە ئارامی رۆحم  بەدەنگی باڵندەیەکی تەنیا
دەسپێرم!.
لەنزاکانمدا دەڵێم
خودایە کەبەهارێکت پێنەبەخشیم و نەتکردم
بەهاوڕێی گوڵەکان
ئەی بۆچی واتکرد لەباخچەی
پیاوێکی نا ئومێددا
گوڵ بەدەستەکانی من بڕوێت؟

**هاژە بەرزنجی**

# له خۆمدا جێم نابێتەوه



خۆم لە خۆمدا تەی دەکەم،
دان دەنێم بە خۆمدا و
دەڵێم:
ئیتر لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
دەمەوێ ببارێم
لە بن ئاسمانێکدا
دڵۆپەکانی هێندەی شەونم ڕوون و
هێندەی چاوەکان پڕ لە ڕەنگ بن
لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
دەمەوێ بفڕم و
بە دوو باڵی لەرزیوەوە
بۆ ئاسمانێک هەڵفڕم
ئەستێرەکانی بڕژێن و
جریوەکانی لە تەمەنم هەڵچنم
لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
دەمەوێ بڕۆم و
هاوڕێگەی رووبار بم
چەندین کانی بتۆرێنم و
لەگەڵ درزی هەر شاخێکدا
هەڵگەڕێم و
لە باوەشێکی ئارامدا
لە خۆما ون ببم..
لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
دەمەوێ ببمە درەخت و
لقەکانی هیوام
لەگەڵ تەمتومانا بەش بکەم و
گەڵاکانیشم
لە حەسرەتی خەزاندا
بکەمە ملکوانکەی
گەردنی کچانی شارەکەم..
لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
لەگەڵ ژوواندا دەکەومە دەمەتەقێ..
غوبار لە خۆم هەڵدەسووم و
بە دەم هەناسەیەکی ساردەوە
نیشتمان دەگرمە کۆڵم و
خۆم لە ناخمدا ون دەکەم..
لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
دەبمە خۆر..
دەبمە گردۆلکە..
دەبمە کانی و
لەگەڵ (با)ش دا هەڵدەکەم و
دەڕۆم
هەر دەڕۆم و
هەر دەڕۆم
ئاخر
لە خۆمدا جێم نابێتەوە..
٢٠٢٤/٥/٢٦

# هەگمەتانە

هەگمەتانە کە یۆنانیەکان بەهەگمەتانە، (کوردی کۆن: [illegible]؛ فارسی کۆن: Hagmatāna؛ فارسی ناوەڕاست: همتان Hamatān؛ فارسی نوێ: همدان، بە واتای «لەپاڵ یەکبوون»، «کۆمەڵگە»)دێت بە شیکردنەوە دەگەین بە «هەنگمەن-تانە» کە «هەنگمەن» واتای «ئەنجومەن» دەدات، پایتەختی مادەکان بوو، کە دوای ڕوخانی مادەکان لەلایەن هەخامەنشینەکان کردیان بەپایتەختی خۆیان، کە دوای ئەوانیش ساسانیەکان دەستیان بەسەرداگرت. یۆنانیەکان ناوی هەگمەتانەیان بە ئەکباتان تۆمارکردووە. ئەم شارە کۆنە، کۆنترین و یەکەمین پایتەختی ئارياييەکان بوو کە لەسەردەمی خۆی لەڕیزی شارە گەورەکانی ئاتین لە یۆنان و ڕۆم لە ئیتاڵیا و شوش لە فارس بوو، یەکێکە لەشارە پرشەنگ و گەشاوەکانی جیهان کە تائەمرۆ ماوە. هیرۆدۆت ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەم شارە لەلایەن دیاکۆ پاشای مادەکان دروست کراوە بەجۆرێک کە حەوت دیوار (پەرژین) ی هەبووە هەر دیوارەی بەرەنگی هەسارەیەک نەخش کردوە. ئینسایکلۆپیدیای ئیرانیکا شانشینی مادەکان و دروستکردنی هەگمەتانە بۆ ساڵی ٧٠٨پێش زایین دەگەڕێنێتەوە کە لەلایەن دیاکۆ وە دروستکراوە. لە ساڵی ٥٥٠بەر لەزایین، شانشینی مادەکان کۆتایی پێهات دوای سەرکەوتنی کوروش پاشای هەخامەنشینەکان بەسەر ئەستیاک پاشای مادەکان. لە ساڵی ٣٣٠ بەرلە زایین ،ئەسکەندەری مەقدۆنی بەهاوکاری کاردۆخیەکان توانی داریوشی سێیەم لەناوبەرێت و کۆتایی بە دەسەلاتی هەخامەنشینەکان بهێنێت . ویکیپیدیا






# کۆنترین کتێبخانە لەمێژودا

کتێبخانەی شاهانەی "ئاشور بانیپاڵ" لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین دامەزرا و ناوی ئاشوربانیپاڵی دواهەمین پاشای ئیمپراتۆریەتی هاوچەرخی ئاشوری بوو. کۆکراوەکەی هەزاران تەختەی قوڕیی و پاشماوەی هەندێک بابەتی تێدابوو کە ڕێژەیەکی زۆری لە ئەکەدی بوون، بابەتی جۆراوجۆری تێدابوو کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زاین، بەتایبەتی لە ساڵی 668 تا 627 پ.ز.

دوای ڕووخانی نەینەوا لە ساڵی 612 پ.ز. هەندێک لەو باوەڕەدان کە لە کاتی ئاگرکردنەوە لە ئاگردانی کۆشکدا، ئاگرێکی گەورە لە کتێبخانەکە کەوتەوە کە بووە هۆی سوتان"تێکچونی" یەکێک لە بەناوبانگترین و مەزنترین کتێبخانەکانی میزۆپۆتامیا، کە کتێبخانەی ئاشور بانیپاڵە کە لەلایەن فەرمانڕەوای ڕۆشنبیریی ئاشوریەکانەوە دامەزراوە، کە بە کتێبخانەی کۆشکی ئاشور بانیپاڵ ناسراوە و زانایان سەبارەت بەو بڕە بەرهەمەی لەوێ کۆیان کردووەتەوە ناکۆک بوون. کە هەندێکیان دەیانگوت ١٠٠٠ ژمارەی قوڕە و هەندێکیش باس لەوەدەکەن کە ئەمە زیاترە.

ئاشور بانیپاڵ هەر بەرهەمێک لە کۆشکە شاهانەکانی باووباپیرانیدا هەبووبێت، پاراستویەتی و لەکتێبخانەکەیدا دایناوە کە مێژوویەکی جوانی ئاشوریەکان و میزۆپۆتامیا بووە، کە لە نەینەوای کۆن و پایتەختی ئاشور دۆزراونەتەوە کە شاری نەینەوای ئەمڕۆی باکوری میزۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا)ی لەسەر بنیادنراوە.

لە ئەنجامی خراپیی بەکارهێنانی هەندێک لە پاشماوەکانی کتێبخانەکە، شوێنەوارناسان نەیانتوانیوە زۆربەیان بگەڕێننەوە، زۆربەی دۆزینەوەکانی لەلایەن گەشتیار و شوێنەوارناسی بەریتانی "ئۆستن هێنری" براوە کە زۆربەیان گواستراونەتەوە بۆ ئینگلتەرا و هەندێک لە پاشماوەکانی کتێبخانەکە لە مۆزەخانەی "بەریتانیا" لە لەندەن و مۆزەخانەی "لۆڤەر" لە پاریس نمایش کراون. سایتی پەڕنوس




یادنامە YADNAMA
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087